# گرشەی کوردستان

رەزبەر و خەزەلوەری ١٣٦٠ هەتاوی و ١٩٨١ زاینی و ٢٥٩٣ کوردی سالی دووەم

ژمارەی ٥ ٧

نرخی ٥ تمەنە



دیمەنی شاری بیجار

ئابوری : ئیقتیـــــــــادی
به رسیله : قوره ـ کال ـ کـــرچ
بوژانەوە : زیند و کرد نەوە ـ گەشانەوە
پەرەپیدان : زیاد کـــــردن
بارستان : بیمارستـــــــان
تاقم : دەستە ـ پۆل ـ کـــۆڕ
تاراندن : راونان ـ دورخستنەوە
سەبارەت : لەبەر ـ لە بابـــەت
خاوەن : خودان ـ خێـــو
خەنیم : دژ
دارسروارى : ناوی ژنە ناودارێکی کورده که له ٦٤٨ کوچی تا حوکماتی میسر و ولاته موسولمان نیشینه کانی به دەسەوە گرتـــووە
دڵئاوا : بەخشەندە .
رەخنە : خەوش ـ شوین توی کردن .
ریزمان ـ رینوس ـ دەستور زمان ـ
زریە : دەریا ـ زریوار .
زید : نیشتمان .
ژاکاو : شەمزاو .
فەلە : مەسیحی ئەرمەنی .
فینك : سارد .
کمونا را : رابورد وی دور .
کویلە : دیل ـ بەندە ـ بەند .
کومەلایەتی : ئیجتیماعی .
گرینگ : گەورە ـ بە ئەهەمییەت .
لاو : گەنج جوان .
مروڤ : ئینسان بەنی ئادەم
نامۆ : بیگانە خوئەگر .
فەرهەنگوک .

خوشک و برایانی بەرێز گوڤاری گرشەی کوردستان هەروەک ئەزانن بە یارمەتی هەندێ لە خوشک وبرا فەرهەنگ ئەدەب دۆستانی کوردی تاران دێتە دەرێ جا بو ئەوەی گرشەی کوردستان باشتر بتوانێ ئەرکی سەرشانی نیشتمانی خۆیی ببا بە ڕیوەو، لەرێگای گەشاندنەوەو پەرەپێ دانی وێژەوەری و فەرهەنگی گەلی کورد هەنگاوی بە رزتر هەڵگری و بتوانێ دەنگی ئەتەوەی کورد بە گەلانی ئیران و جهان را بگەیینی و پیلانەکانی گەل دوژمنان لە گشت کوردە واریدا دەرخات، نیازی بە یارمەتی زیاتر هەیە وهەروەها ئیمە کوری نوسەران چاوە روانین، هەوالی راست و درستمان لە هەر شوینیکی کوردستانا بو بنیرن، هۆنراوە، قسەی خوش، مە بەستی سیاسی و رامیاری، ئابوری، فەرهەنگی، کومەلایەتی و شتیوامان بە دیاری بوبنیرن و زیاتر یارمەتیمان بدەن بەلام بو ئەوەی لە کردەوەدا پەرە بە زمانە کەمان بدەین ئەبی تەنانەت نامەیشمان بە کوردی پەتی بوبنوسن، ئەگەر بە کوردی نەبی وەری ناگرین.

شمارە حساب ( ٢٣٧٨ ) بانک ملی ـ تهـــران
چهارراه امیراکرم ، ولی عصرواحد ١٠٨٣

میژو : تاریخ . هۆ : بونە سەبەب
هۆگر : خوگر ئەویندار . هێمان : هیشتان
ویژە : ئەدەبیدزانیاری ئەدەبیات .
نەیار : دوژمن .

گرشە ، واتا : پرشنگ دانەوەی خۆر ، تیشک دانەوەی رۆژ ، تیشکی هەتاو ، وورشەوورشی تیشک وروناکایی رۆژ کە ، لەدورەوە ، بە گرشەگرش لەشوێنیک بدات ، کاتی مرۆ بڕوانیتە ئەوتیشکی خۆرە لە بەر پڕ بلیسەیی و گڵپە گڵپی نوردانەوە نەتوانێ چاوی هەڵینێ و چاو بکاتەوە چاولە بەر تیشکی ئەو نورە بە هیزو پرشنگدارە کەپەی تاپەی تاو لە سەریەک وشەپۆل شەپۆل نور دەهاوێژێ هەر نور کە نورک بکات.


| مه به سه ت | لاپەڕە |
|---|---|
| رامیاری | ٣ |
| خویندنەوەی ... | ٦ |
| بەشی ئایینی | ٨ |
| ناسیاوی | ١١ |
| پەند ... | ٢٠ |
| ناوداران ... | ٢٣ |
| بەشی نامەی ... | ٣١ |
| فەرهەنگوک ... | ٣٦ |





ـ خاوەن ئیمتیاز و ، بەرێوەبـــەری بەر پرسیار :
محەمەد سالح ئیبراهیمی محەمەدی .
نشانی : تهران ـ خیابان ولی عصر ـ کوچه سرمد ـ پلاک ١٠ طبقه ١
صندوق پستی شماره ٣١۴/١٧۴۴ ـ منطقه ١٣ دانشگاه تهران . تلفن : ۶۴٢٧۴۴
شمارەحساب ( ٢٣٧٨ ) بانک ملی ـ تهران
چهارراه امیراکرم ، ولی عصرواحد ١٠٨٣ .


رێبازی ئەم گوڤارە
بروانە

گوڤارێکی مانگانەی سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، عیلمی ، ئەدەبی و هونەرییە ، و بە زمانـــی شیرینـــی کوردی بڵاو ئەبێتەوە وەپێوەندی بە هیچ حیزب و کۆڕو تاقمێکەوە نییە .

سەر بەخۆیە ولەژیر چاوە دیری کۆڕی نوسەرانی تایبەتی دەم و دەسگای گۆڤارەکە ، لەتاران دەرئەچێ . تا بۆمان بکرێ بو بوژانەوە وگەشە پێدان و پەرە پێدان بە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکەمان ورامالین وراو نانی ڕەخنە کردنی و پاشماوەی ڕەژیـــــمی سەر بە ئیمپریالزم تێ ئەکوشین !


جمهوری اسلامی ایران
وزارت ارشاد ملی
شماره ...
تاریخ ٢٠٢٣ /۵۹
پیوست ...
شمارهٔ جدید وزارت ارشاد اسلامی جمهوری اسلامی ایران ٢۶٣٠٢١ تاریخ ١٣۶٩/٣/٧
به آقای محمد صالح ابراهیمی محمدی
از اداره کل مطبوعات داخلی
موضوع ارسال پروانه امتیاز ...
[illegible]
اداره کل مطبوعات داخلی
سید حسن ...

# بسم الله الرحمن الرحيم

يُرِيدُ اللّٰهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ · سورەی بقرە ئایەتی ١٨٥

یانی : خودا ئیەوی لە سەر ئیوە ئاسانی بگری وە نایەوی لە سەر ئیوە سەخت و زەحمەتی بگری ·

دینی پیروزی ئیسلام ئایینی رەحمەت و خیرو خوشی یە ئایینی بەختەوەری و نەجاتی هەر دو دنیایە حەسانەوە و ئاسودەیی دەویّ بو هەموان نەك زەحمەت و تەنگەبەری و دەرد و مەینەت یرید اللە بکم الیسر ولا یرید بکم العسر · ئایینی پیروزی ئیسلام هەر بەو چەشنە کە هەموعُرفا وە بە تایبەتی موسلمانان بو نەجات و رزگاری لە قیامەت دا ریّنوینی دەکات ریگای بەختەوەری و خیرو خوشی لە ژیانی ئەم دنیایەش دا لە هەمو باریکەوە پیشان دەدات · یەکیّ لەو شتانەی کە لە ژیانی موسوڵمانان و هەمو کسێ تردا زور گرنگە زمانە · زمانەکانی گەلەکان و قەوم و نەتەوەکان هوی لەیەکترحالی بونی ئینسانەکانە هوی راپەراندنی کاروبارە هوّی فیربون و فیرکردنە بە هوی زمانەوەیە کە ئایینی پیروزی ئیسلام لە هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەپیشەوە پشتاو پشت بە ئیمە گەیشتوە · قورئانی پیروز زمانەکانی قەومەکان و نەتەوەکان زور بە گرینگ دەزانیت و بە ئایەت و نیشانەی خودای دادەنیّ :

" وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمٰوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذٰلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ .سوەرەی رومئایەتی٢٢·

یانی: ( دروست کردنی ئاسمانگەل و زەوی و جیاوازبونی زمانەکانتان و رەنگەکانتان ئایەت و نیشانەگەلی خودان بوئەو کەسانەی واعالم و زانان)·

وەکو دەبینین خودا لەم ئایەتەدا زمانی لەریزەی ئاسمان و ئەرز و رەنگەکانی ئینسان داناوەو بەئایەتێک و نیشانەگەلێ خوّي ژماردوە. وە مەفهومەکەی ئەمەیە : کەقەبووڵ نەکردن وبایەخ نەدان بە زمانان وەک قەبووڵ نەکردن وبایەخ نەدان بە دروست کردنێ ئاسمان و، ئەرز وگوّرانی شەوو، روّژ وایە، ئاخرەکەی یانی: قەبووڵ نەکردنێ ئایەت ونیشانەگەلێ خودا وە ئینکارێ " بدیهیّات " وەکو رژیمێ تاغوتێ لەماوەی پەنجاساڵ داکردێ.

بوّ رون کردنەوەی زیاتری ئەم مەبەستە لیّردا ئیشارە بوّ بیرو را یا حُکْم و فتوای فقهای پینج مەزهەبەکەی ئیسلام: شافعی حنبلی مالکی حنفی و جعفری دەکەین لە مسەلە یەکی زور گرینگی مذهبی دا کە نیشاندری ریّز و حورمەت گرتن هەر پینج مذهبەکەیە لە زمانی قەوم و نەتەوەکانی موسوڵمان ·

هەموومان دەزانین کە نوێژ پایەیەکی زۆر گەورەی ئیسلامە، هەروەها هەموومان دەشزانین کە خُطبەکانی نوێژی جومعە شەرتی دروست بوونی نوێژی جومعەن و لە راستی دا لە جێگەی دوو رکاتی نوێژی نیوەڕۆن.
جا ئێستا با بزانین بیروڕا، یا حکم و فتوای پێنج مذهبە کە لە باری خطبەکانی نوێژی جومعە چۆنە؟
لە کتێبی (اَلفِقهُ عَلَی المَذاهِبِ الخَمسَة) چاپی بیروت لاپەڕەی ١٢١-١٢٢دا هاتوە.
حەنبەلییەکان، لایان وایە ئەگەر موومکینی بێت، شەرتە کە خطبەکان بە عەرەبی بن.
شافعییەکان، دەڵێن: ئەگەر خەلکەکە عەرەب بن شەرتە کە خطبەکان بە عەرەبی بن وە ئەگەر عەجەم (یانی: غەیرە عەرەب واتا: کورد و پارس و نەتەوەی تر) بن، خطیب دەتوانێ بە زمانی ئەوان خطبە بخوێنێ، با عەرەبیش باش بزانێت.
مالکییەکان، دەڵێن: عەرەبی بوونی خطبەکان شەرتە با خەلکەکەش عەجەم بن و هیچ لە عەرەبی تێنەگەن. وە ئەگەر عەرەبی زانێك لە ناویان دا نەبێت، نوێژی جومعەیان لەسەر نیە.
حەنەفییەکان و ئیمامییەکان، دەڵێن: عەرەبی بوونی خطبەکان شەرت نیە.
وەکو دەبینین لە پێنج مذهبەکەی ئیسلام، چواریان خوێندنی خطبەی نوێژی جومعە کە جێگەی دوو رکاتن، بە زمانی نوێژکەرەکان، بە مُجاز دەزانن، جا لەمە، دەتوانین ئەم نەتیجە یە وەرگرین کە لە عیبادەت دا ئەمە جایز بێت لە هەموو کاروبارێکی دیکەی ژیانی نەتەوە موسولمانەکان دا، وەکو نامە نووسین، چاپەمەنی، بڵاوکردنەوە و خوێندن و فێربوون و فێرکردن، گەلێ باشتر، لە روانگای ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە مُجازە، وە لە راستیدا دەبێ هەروابێت، چونکا وەکو لە سەرەوە، لە قورئانی پیرۆز گێرامانەوە، یُرِیدُ اللّٰهُ بِکُم الیُسرَ وَلا یُرِیدُ بِکُم العُسرَ.
بە پێی ئەم اَصْلَە یە کە عُلمای گەورەی ئیسلام لە نەتەوەکانی غەیری عەرەب، مەسەلەن فارس، وەکو ابن سینا، غزالی، خواجە نصیرالدینی طوسی وگەلێ پیاوی گەورەی دیکەی قەدیمی، وە ژمارەیەکی زۆر لە فقهای پایە بەرزی دوایی‌ش مەسەلەن ئیمام خومەینی‌دان رابەری شۆرش و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران، کتێب و رسالاتی مذهبی خۆیان لەگەڵ ئەوەش کە لە زمانی عەرەبی دا فرە ماهیرن، بە زمانی پارسی نووسیوە.
وە هەر بە پێی ئەم ئەصلەیە کە لە ئەسلی چاردەهەمی قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێران دا هاتوە: " ... کەڵك وەرگرتن لە زمانەکانی مەحەلی و قەومی، لە چاپەمەنی و وەسایلی راگەیاندنی گشتی دا، و دەرس گوتنەوەی وێژاوری و ئەدەبیاتی ئەوان لە فێرگەو مەدرەسەکان، لە تەنیشت زمانی فارسیەوە ئازادە.

یەکێ لە قەوم و نەتەوەکانی ئێران ، نەتەوەی موسوڵمانی کوردە ، ئەم نەتەوەیە لە زەمانی ڕێژیمی تاغوتی دا ، دەرد و مەینەتێکی زۆری دیوە ، غەدرێکی فرەی لێ کراوە ، لە هەمو بارێکی ژیان دا فەرق و جیاوازی لە تەکا دانراوە ، وەلە هەموی خراپتر زەمانی ئەو ، کەوەکو هەمو زەمانی تر هەمو هەبەتێکی خودایی یە و ئایەت و نیشانەی خودایە ، قەدەغە کراوە و پێشی پێشکوتنی ئەدەبیاتی ئەوگیراوە وە بە کورتی بە پێچەوانەی ڕوحی ئایینی پیروزی ئیسلام ڕەفتاری لەتەکا کراوە .

لە ڕاستی دا ئەفرادی نەتەوەی کورد ، لە تاریکە شەوی ڕێژیمی چەپەڵی تاغوتی دا بە جۆرێکی وا چاوترسین کراون ، کە ئیستاش بە تەواوەتی دڵنیا نەبوون کە کەڵك وەرگرتن لە زمانی کوردی ، لە چاپەمەنی دا و دەرس کوتنەوەی ئەدەبیاتی کوردی لە مەدرەسەکان ، لە تەنیشت زمانی پارسیەوە ، ئازادە .

بە داخەوە تا ئیستا ئەم ئەسڵەی قانونی ئەساسی کوماری ئیسلامی دەرەتان و دەرفەتی ئەوەی نەبوە ئیجرا بکرێ . وە هیندێ لە مەئمورانی نائاگای مەحەللیش بە دیتنی کتیبێکی کوردی بە دەست کوردیکەوە ، بێ ئەوەی بزانن ئەو کتیبە باسی چی دەکات ، گەلێ جار ئەو کەسەیان نارەحەت کردوە ، وە بەم جۆرە ، لە نیگەرانی ئەفرادی نەتەوەی کورد زیاد کراوە .

دڵسوزی ئێمە لە حاست سود و مەسلەحەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ئێمە هان دەدات کە داوا بکەین مەقاماتی دەوڵەتی ئاور لە ئاوات و چاوەڕوانی یەکانی خەڵکی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی ئیران بدەنەوە ، وە ئیستا کە هەمو دەم و دەزگاکانی دەوڵەت لە خەتی مەردمی و دژی ئیمپریالیستی ئیمام خومەینی دان ، وە ئەمنیەت لە شارەکانی کوردستان دامەزراوە ، بو ئیجرای ئەسڵی چاردەهەمی قانونی ئەساسی بکەونە کار :

۱ـ بو ئەوەی مندالانی مەعسومی کورد سەریانلی نەشیویت وسەرکویر نەبن یەکدو کەلاسی سەرەتایی بە زمانی کوردی وەلە پاشان بە زمانەکانی پارسی و کوردی بخوینن.

۲ـ کەڵك وەرگرتن لەزمانی کوردی لەچاپەمەنیدا پەرەی پیبدری.

۳ـ لەیەکی لەئورگانەدەولەتیەکانی کوماری ئیسلامیداکە مقاماتی کوماری ئیسلامی بەمو ناسبی بزانن بنیاتیکی چاپ و بلاوکرنەوەبە زمانی کوردی»بوراگەیاندن و بلاوکردنەوەی فەرهەنگی ئیسلامی بەپیی مذهبی تسنن (کە مذهبی خەلکی کوردە» ولەئەسلی دوازدەهەمی قانونی ئەساسی داهاتوە کە «مذهبەکانی دیکەی ئیسلامی: کە: حەنەفی» شافعی «مالکی» حەنبەلی وزیدی ئیحتیرامی کاملیان هەیە) دامەزرینریت.

۴ـ بوکوتنەوەی دەرسی ئەدبیاتی کوردی لەمەدرەسەکان لەتنیشت زمانی پارسیەوە ئیقدامی لازم وپیویست بکری. ماوەلە ۳۰

# خوێندنەوەی کوردی

لە : دوکتور بەهمەن فەریومر ·

یانەی یەکەم ١

باخەکمان ٢

ئێمە لەماڵەوە باخێکی جوانمان هەیە· ٣ هەمیشە بەهار و لاولاو و ڕێحانە و گوڵەباخ و شیلان و مێخەك ،· سەوڵ و نازنازی تێدا دەڕوێنن لە ناوندی حەوشەکەدا حەوزێکی بچوکیش هەیە· ٥ کەپرێکی خۆشمان بەسەرەوە کردووە· ٦ تولی مێوەکانمان خستۆتە سەر· ٧ ئەم مێوانەش هەموساڵێك ترێ دەگرن· ٨ بۆ ئەوەی زەردەواڵە ترێکە نەخوات · دایکم هێشووەکان لە تورەکە هەڵ دەکێشێت ٩ تا دەمەو پایز · ئەنجا هێشووەکان لە تورەکەکان دەردەهێنین و دەیان خۆین ١٠ و هەندێ جار بەسەرسیلەیی دەیکەینەوە· ١١ * * * *

درس اول ١

(باغ ما) ٢

ما درخانە باغ قشنگی داریم· ٣ گل همیشەبهار و نیلوفر و ریحان و عناب و میخك و گل تاج خروس و گل نازدرآن میکاریم· ٤ در وسط حیاط حوض کوچکی هم هست· ٥ آلاچیق زیبایی هم بر روی آن زدەایم ٦ شاخەهای درختان مو را بروی آن پخش کردەایم· ٧ این درختان مو هر سال انگور می دهند· ٨ برای اینکە زنبورها انگور را نخورند · مادرم خوشەهارا درکیسە میپیچد· ٩ تا نزدیك پاییز · آنگاە خوشەها را از کیسەها بیرون می آوریم و میخوریم. ١٠ و بعضی ازاوقات انگورها را نرسیدە (بصورت غورە) از شاخە میکنیم· ١١

* * * *

راهێنان (تمرین)

١- از روی درس دوبار در دفتر خود بنویسید ·

٢- هنگام نوشتن آنرا با صدای بلند بخوانید ·

٣- معنی لغات درس را بخاطر بسپارید ·

تێبینی (توجە)

صفات فاعلی : م – ت – ی – مان – تان – یان

باخەکەم ـــ باخەکمان ( باغ ما )
باخەکەت ـــ باخەکتان ( باغ شما )
باخەکەی ـــ باخەکیان ( باغ آنها )

شما هم با استفاده از صفات فاعلی نامبرده، کلمات زیر را در شش حالت فاعلی خود بنویسید :

حەوشەکە ( حیاط ) ، حەوزەکە ( حوض ) ، مالەکە ( خانه ) .

* * *

<u>رامە</u> ( معنی ) معنی لغات زیر را بخاطر بسپارید :

| | | |
|---|---|---|
| ئیمه : ما | بچوك : کوچك | دمیان خوین : آنهارا میخوریم . |
| له : در | تری : انگور | |
| مال : خانه | دایکم : مادرم | هەندیجار : بعض از اوقات . |
| باخ : باع | زمردەواله : زنبور | |
| جوان : زیبا | هیشو : خوشه | لاولاو : گل نیلوفر |
| هەیه : هست | هەموسالیك : هرسال | نازناز : گل ناز |
| دەروینین : میکاریم | تورەکه : کیسه | گواه باخ : گل سرخ |
| ناوەند : وسط | بەرسیله : انگور نرسیده، غوره | شیلان : عناب |
| سەول : گل تاج خروس | دەمەوپاییز : نزدیك پاییز ـ هنگام پاییز | |

کەپر : کپر، آلاچیق، چهارچوبه ای است که شاخ و برك درختان مو را روی آن گسترانند .

* * *

« ریزمان و رینوس »

<u>شیوه نوین آموزش زبان کوردی</u>

این آموزش بصورت سلسله درسهایی است که در این مجلّه بچاپ خواهد رسید و قابل استفاده افراد زیر خواهد بود .

الف ـ کورد زبانانی که میخواهند زبان کوردی را از ابتدا و پایه بشناسند و خواندن و نوشتن آنرا بطور صحیح فرا بگیرند .

ب ـ افرادیکه به زبان فارسی آشنا هستند و علاقمندند که زبان کوردی را بیاموزند .

<u>پیش گفتار :</u>

زبان کوردی از نقطه نظر دستور زبان بسیار غنی و گسترده است و چندین کتاب و رساله در این زمینه نگاشته شده که برای آگاهی علاقمندان به بعضی از آنها اشاره میکنیم : ← ماوه له ژماره ٨ ماوەی هەیە

بسم الله الرحمن الرحیم

## بەشی ئایینی

خــوشك و برا خوشه ویسته كان درودی خوداتان له سه ربــی
خودا له قورئانا له سورەی بەقەره ئا یەی ٣٠ تا ٢٣ دا ئه فەرمـــــــــی :

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا
أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ
بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ وَعَلَّمَ آدَمَ
الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ
هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ . قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا
إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ . قَالَ يَا آدَمُ أَنْبِئْهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا
أَنْبَأَهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَوَاتِ
وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ ـ

یـا نـی : كاتی خودا به فرشته كانی وت : ئـه من ئه مەوی له زه وی دا جـی نیشینی دانیم "فریشته كان وتیان : توكەسی ئه كه یته جی نیشیه كه فـیتنه و فه سات و خوین ریژی له ناو زه ویدا سازئەكات ! كـه چی ئیمـه خـەریكی زیكرو فیكری توین و ناوی تو به پاكی و خاوینی ئه به ین ٠

خودا وتی: ئەوەی من ئەی زانم ئیوه نای زانن "خودا هەمو ناوه كانی فیری ئادەم كرد ( سه بارەت بەوه كه بەشی بنه رەتی له زمان ناوه كانه یانـی خودا ئادەمی فیری زمان كرد یا به وتەیەكی دیكه به زاراوەی عیلمی وەك "ته ـ سـمییه ی كولل به ئیسمی جوز" "وایه" : مه به ست له ناو كان كه جوز ئیكن له زمان "كولل "كه یه كه زمانه یا وەك ئیمام فەخری رازی ئه لی :

"تواناى قسه كردن ٠ یـانـی : زمان : "مه و هەبەتیكه له خوداوه به ئینسان دراوه ٠ ) له پاشان خودا روی كرده فریشته كان و پیی وتن :ئەگه ر راست ئەلین : ئه و ناوانەم بو بلین یانی لەو بابەتەوه قسه م بو بكه ن بزانم ئـەو توانایه تان هەیه ؟ فریشته كان وتیان هه ر تو پاك و بیخەوشی ئیمـه بیجگه لەوەی تو به ئیمەت فیركردوه عیلم و زانستیكمان نییه "هه ر توزا نـاو حـه كیمی "ئەوسا خودا روی كرده ئادەم و پیی وت : ئەو ناوانەی وا بـه تـومان فیركرد بەوانی بلیی "كاتی ناوەكانی بەوان راگه یاند ٠ خودا فەرموی ئـا یا پیم نەوتن : مـن به نهینییه كانی ئاسمانگەل و زوی زاناترم و ئەوه ی وا ئیوه دەری ئه خەن یا ئەی شارانەوه زانام و ئه زانم چی یه و چونه ٠

ئه شی بزانین فریشته لەم سورەیدا " به قه ره "هەم فازه لـه گـەل "ئاسما نگەل و زوی و كیف گه لا " كه به سەرگشت به دیهاتو گه لـی جـه هانی بو نا دەلا له ت ئەكەن ٠ له لا یەكی ترەوه ئەگەر جوان سرنج بدەین

لەم ئایە تانەدا رون ئەبیتەوە کە ئینسان لە سەرئەم ئاخەدا جێ نیشی خودایە : "انی جاعل فی الارض خلیفة"

ئینسان لە سەر زەوین ئەمەیە کە ئینسان بایەخی خودا گونەیی لە گیان و لەشیا هەبێ وخودا ئەم بایەخەی بە دو جور : "ئەسماءالحسنی و سیفاتی خودایی باس کردوە "کە بە یانی بایەخی خودا گونەیی لە تشکی ئەسماءالحسنی دامۆژدە دراوە "کە ئینسان ناتوانی خودانی ئەوانە بیت وەك : ئەلاّ " اللە " بەلام بایەخی خودا گونەیی لە سیفاتی خودایی دا "کە بە یانکارەوەی بایەخی خودایی یە "ئینسان ئەتوانی ئاوەها خویەکی باشی لە یەك سەیری وا دا کە بتوانی ئەو بایەخە باشانە لە بزاوتنی خویدا لە بارەی "بون "ی خویدا بجولیتەوە .

هەلبەت ئەشی بیژین : ئەگەر سرنجی دینڤا میزمی بزوتنەوەی ئوما نیستی ئیسلام : "قورئان "بدەین ئەم راستیەمان بو رون ئەبیتەوە کە جێ نیشنی خودا بو ئینسان لەم بارەوە یە کە سیفاتی پەروەردگاری لە بیاری "ئەم جورە سیفاتەی خودا لە گیان و لەشی مرو ڤدا بالقووە هەیە یانی : ئینسان ئەبێ بە هەلبژاردن بیداری وخولقاندن خوی بە ریتەپیشەوە و باری ئەمانەتی خوی چاك و سیفاتی خودای کە ئەویش هەر چاکە و رحمە لە خویدا جیگیر بکات .

کا کلەی مەبەست ئەمەیە کە ئینسان بەدیهاتویەکە ئەیەوی رەنك و رو بگری وە ئەمەش لە ریگای بیداری و هەلبژاردن وخولقاندنەوە پیکی دەهینی

ئینسان بە دیهاتویەکە بالقووە خودانی بایەخگەلی خودگونەیە کەوینەی "بالصعل" ئەوە لە ئورگانگەلی دینامیسمی یە وە .

خودا لە قورئانا لە سورەی ئیبراهیم ئایەی ٥ دا ئەفەرمی :

: "ولقد ارسلنا موسی بآیاتنا ان اخرج قومك من الظلمات الی النور و ذکرهم بایام اللە ، ان فی ذلك لایات لکل صبار شکور -

یانی : ئیمە موسامان بە نیشانەکانی خومانەوە ناردمان تا هوزی خوی لە تاریکاییەوە بیان باتە بەر نورو روناکایی وە روژگەلی خودایان بخاتە بیر "بیشك لە مەدا نیشانگەلیك بو ئەوانەی وا خوراگرو سپاسگوزارن هەیە .

مؤمنون ئایە ٣٣ : "لقد ارسلنا نوحا الی قومە فقال . یا قوم اعبدالله مالکم من الە غیره افلا تتقون -

یانی : ئیمە نوح مان ناردە لای هوزەکەی و بە وانی کوت :

ئەی هوز و خزمینە عیبادەتی خودا بکەن "چونکا بیجگە لەو کەسی تر نییە شیاوی عیبادەت بێ . ئایا تەقوا و خوپاراستنتان نییە ؟

ئـەم ئايەتانەمە بەست لە هاتنى ئەنبيا بوناو هوزى خويان روناك ئـەكاتەوە . ماناى "بيعسەت "كە قورئان ئەو بەتەجەللى بزوتنەوەى ئەنبيا ئەزانێ بريەتى يە لـــە :
"بيداركردنەوەى خەلك لە خەوە نوچكە ووە نەوزدان " جا هەرلە بـەر ئەمەيە لە نەخشى ئەنبيا لە بزاوتنى بەرەى مروڤ بريەتى بووە لـە پەيا كردنى هەستى ئاگادارى كە بەرەى مروڤ بتوانى لەو ريگايەوە لـەوە نـەوزان و خەو بيدارەوە بيت و بە بزاوتنى خوى لە ژير سيبەرى رابەرى ئەنبيـا د ژيرە بداو ئەنبيا ئەم هەستى ئاگادارى كردنە لە ريگاى مژدەدا نو تـرساندن و كتيبەوە بە ئەنجام بگەيينى "كە بەرە چاوگرتنى هەركام لە مانە:
"مـژدەدان "ترساندن "كتيب "بۆ بيداركردنەوەى بەرەى مروڤ لـــە ژير سيبەرى رابەرى خويدا پيوەندى بە پلەى خەو ئالويى ئەو هوز و كومەلەوە هـەيە . كە راست زياترينى پلەى خەو ئالويى كومەل . كاملترينى ئەوانە كە "كتيبە "هـەيە كـە : ١ــ ئەتوانێ نەخشى "گشتى "هـەبێ .
٢ ــ بـە لە بەر چاوگرتنى ديناميسمى گشتى هەبونى ئينسان ئەتوانێ نەـ خشـى هەميشەيى " زمان " هـەبێ .

سورهٔ ابراهيم آيه ١ :الرٰ كِتابٌ اَنزَلْناهُ اِليكَ لِتُخرِجَ النّاسَ مِنَ الظُلماتِ الَى النّورِ . . .

كـە ئەم ئايەتە نەخشى كتيب لە بيداركردنەوەى خەلك ئەهينيتـە گـورەوە "شتيكى سرنج راكيش كە ئەبێ لەم ئايەتەدا بوى بروانين ئەمەيە كـە قورئان واژەى "ظلمات "ى بەكۆ بەلام "نورى "بە تەك هيناوە . كـە لـە بەرچاوكرتنى گشت تايبەتييەكانى مەكتەبى كە بريەتى يە لە ديـارى، كردنى " مەوزوعى " مەسيرى هەدەفى وغايەتى "ليرەدا ئەوملەن :مەوزوعى حـەرەكەت بريەتى يە لە "ناس "كە واژەيەكە لە سەرگشت و گشتى دەلالەت ئـەكات . دوەم ديارى كارەوەى مەسيرى حەرەكەت : "كتيب "ە سيوەم پيك گرتنى "هەدەف وغايەت "ە كە ليرەدا لە بيچمى "نور "ا هاتوتە گور . كە وابێ ئەتوانين بە روانين بە تاريفى سەرەوەوئيسلام بەم جـورە تـاريف بكەين كـە : مەكتەبى ئيسلام ( ئيسلام ليرەدا راستەقانـــى بزاوتنى گشت ئەنبياى ئيـسلاهى روناك ئەكاتەوە كە بو هيدايەت و رينوينـــى نـاس "بەرەى: مروڤ هەلبژيراون ) بريەتى يە لە مەنزومەيەك كە خاوەنـى ئـەم تايبەتييا نەبێت .
ئـەوە لـەن لە سەرپايەى ناس "كومەل "ە دوەم دارای مەسيرـ يـكـە . كـە قورئان ئەو ديارى ئەكات ( بە لە بەرچاوگرتنى پيوەند لە تـەك ناوەلە ٣١

# ناسیاوی لەتەك بیجارا:

بیجاڕ : (کەروس)

بیجار کونە گەنمی روژئاوای ولاتە ...

بیجار پردیکە لە نیوان پاریزگاکانی ئازربایجان و سنە و هەمەدانا ...

بیجار ئەتوانی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار تون بەرهەمی گەنمی هەبی ئەمەیە کە ئیەلامان وایە بیجار عەمباری دانە و پلەی روژئاوای ولاتـــە .

بیجار ١٩٢٠ میتر لە لیواری زریە بەرزترە و نازناوی سەربانی ئیرانی پیدراوە . حەشیمەتی بیجار (١٠٠٠٩٧٠) کەسەو بە تیکرای حەشیمەتی گشتی ئـــەو هەریمە (١٤٠/٩٧٠) کەسە .

لە روژئاوای ئیرانا لە نیوان کیو و چیای بەرزو تەپولکەی ماهورگەلی پاریزگای — کوردستان شاریك ئەبینیں کە بە ١٩٢٠ میتر لە لیواری دەریا بەرزترە لە پاش دماوند بیجار بیلیند ترینی شاری ئیرانە کە ٧٧٠ میتر لە تاران‌وە ٤٢٥ میتـــر لە ســنە و ٩٠ میتر لە هەمەدان لە لیواری دەریا بەرزترە هەر ئەمەیە کـــــە : نازناوی سەربانی پی دراوە کە لە نەوە بە بیجار ناو براوە .

بیجار لە باکوری روژ هەلاتەوە بەشەکانی (قیدار) و (مانگ نیشان) — ئوستانی زەنگان لە باکوری روژئاواوە بە بەشەکانی (تیکاب) لە باشورەوە بـــــە (قوروە)ی ســنە لە باشوری روژ هەلاتەوە بە بەشی (کەبود) کە بوتەرا هەنــگ کەپوتە — کەبود — بور — کوانە( kewane خودا بەندەلو ) لای هەمەدان وە لـــە روژئاواوە بە (شاری دیواندەرە) و ســنە وە ئەلـکـی .

مەودا = دورونیزیکی؛

بیجار ناوندی شارستانی گەروس‌لە کیوەکانی (سەراب) (زاغە) (نەقارەکوب) و (قراجلی)ی دایە ١٤٠ لە ســنەو ١٥٢ لە هەمەدان و ١٥٠ کیلو میتر لە زەنکاں وە دورە وتا تاران ٤٧٤ کیلو میترە .

بیجار بو ئەم ناوەی لە سەرە لیرەدا ریوایەتگەلی جور بەجور هەیە بەلام دوانیان زور جوانـــە :

ا — ئەبیژن : ئەم شارە لە رابوردودا (دارە بیی) زور بو وەواتا : (جاڕی دارەبیی) بـــووە .

٢ — هەندی لایان وایە (ناصرالدین‌شا) چووەتە ئەو شارە و بە تکای ئەمیر نیزامی گەروس‌شەو لەوی ئەمینیتەوە و کار باری کە ئەکری ئەم بەوو ئەو بەیکی دەگەیینـــێ . وە هەر بەو شەوە رازە نهنییەکانی کاروباری ئەوشەوە لەناو خەلکی شارا بلاود بییتەوە وەك ئەمەجارپیان دابێ جالە بەر ئەمە ئەوشارە بە بیجاڕ ناو دەر ئەکات .

## ئاووهەوا:

ئاو وهەوای بیجار تاریفێ وای نییە چونکا زستان تا ٣٥ پلەژێر خاڵ سارده وبەفرگرەتا یەك میتر بەفری لێ دەنیشێ سەرماکەی ئەچیتە ناو میشك و ئیسقانی مرۆڤ زستانەکەی تا ٨٩ ڕۆژ زیاتر دەوامی هەیە وهەی بەفره وباهۆرا ن وتۆفە وبارنە ·

بەڵام هاوینی بیجار ئارانە ودڵ بزوێن و خوشە خەڵك لەم لا ولەولا لە ڕێگای دوورەوە دێن و ئەچنە ئەو کوردستانە هاوینانەی بیجار و گەروسەوە ·

### چەم وکێفگەل :

١ـ چەمی ( قزڵ وە زان ) کەلە ٣٠ کیلو میتری زەنگانە وەیە ئەم چەمەلە کێفەکانی مزگەوتی میر زاد لە ڕوژ ئاوای ( سارال ) وەکێوەکانی باشوری جنوبی دێهستانی سارالە وەسەرچاوەئەگرێ وهەڵدەقوڵێ کە جارجار هەڵدەچێ وئارا و قارای لی هەڵدەکیری بە گژداروبەردائەچی ! جارجار ڕیش کز و کەم ئاو ئارام بەری خۆیدا بەلای جادەی هەمەدانا ئەڕوا ·

٢ـ چەمی ( تەلوار ) ئەم چەمەلە دێهستانی ئیسفەندئاوای سەربە شاری قوروە هەڵدەقولی و لە کوێستانەکانی هەوشارەوەبەخورو کەف چرین ـ قەلپەژۆ ئەکات وئەڕواتا ئەچێتە ناو قزڵ وە زان و پێکەوە ( چەمە سپی ) پێك دێنن و بە درێژای گوندی خسروە واوە بەناو چەمە چکولەی ئەویدا وسەراب و شارەك وقزڵ وە زان داوەك مار ئەخزێ تا ئاخرەکەی خۆئەکێشیتە ناو زریەی ( خەزەر ) ەوە ·

٣ـ ( چەمی گاوبازە ) کە لە ئاوەکانی دێهستانی ( کۆرانی ) و سیامەنسور بەناوچەمی قەم جوغە وحەسەن ئاوا و شارەك و چیچەکلو ) پێك دێ بەناو زەوینی ئاوایی ( بلوکی گول قشلاخ ) یا قشلاخی حەسەن خان دائەـ خزێتە ناو چەمی قزڵ وە زان لە بەشی ( سیامەنسور) وە نێزیك گوندی ( چیچەك لو ) کێوی ( زەرنیخ ) ( زرنیق ) کە لە باشوری ئاوایی چیچەکلو دایە ٣٠٩٠ میتر بلیندی گەردنی هەڵیناوە و خۆی قەف کرد وە ولە ٦ کیلو میتری ڕۆژهەلاتی بیجار دایە ( حەمزەعەرەب ) چیایەکە ٢٠٠٠ میتر بەرزە و سەرلە ئاسمان ئەساوێ لە چوار کیلو میتری بیجار کێوی ( چەنگیز قەلا ) هەیەکە ٢٢٤٤ میتر بڵیندە · لەم کیفە داهێمان شوێنەواری قەلای چەنگیزئەبینرێ وە ـ کێوی قیسەش ٢٣٤٦ میتر بەرزە ·

مروڤ لە ڕاست قەلای ٢٥١٢ میتری ( ئیمام زادە ئەیوب ئەنساری ) دا کە لەبەشی سیامەنسورا یەوەقەلای ٣٢٠ میتری ( شانیشین ) کە لە بەشی ( کۆرانی ) دایە خۆی وەك گزمولەیەك لە ڕاست کێو یکا ئەبینێ ·

کێوی پەنجەعلی لە ڕۆژ ئاوای بیجارا یەو ٢٤٠٧ میتر بەرزە ·

ئه بێژن : په نجه‌ی عه‌لی له کێوی په نجه‌ی حه زره‌تی عه‌لی کوڕی ئه‌بوتالبـــه .
له نا و بڕه پیاوانیشا سوێندی پێ ئه خورێ وه‌ك له‌م هونراوه فولكلوری‌یه‌دا هاتووه .
سێف و زمرد ملوێ حه نا ی مه‌م دملی = گرفتاره‌م وه‌ی په‌نجه‌ی عه‌لی
به‌ڵام ئه‌مشی بزانین له‌باری مێژوی یه‌وه له كه‌ونارا وه ده‌س یا په‌نجه‌ی ده‌ســـی
نیشانه‌ی وزه و هێز بووه و یه‌كێك له ( رب النوع )بوه كه‌لەجه‌هانی كۆنا هاتۆته ژمار
خودا له قورئانا له سوره‌ی فه‌تح ئایه‌تی ١٠ دا ئه فه رمێ :
(يَدُ اللّـهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ...) یانی : وزه‌و هێزی خودا له بان وزه‌و هێزی
ئه‌وانایه دیاره (يَدْ ) لیره دا به مانای وزه و قودره‌ته،ئه‌ڵێن:ئه‌م كیف و بلوكی
په نجه عه‌لی یه‌ی بیجا ڕهاوینه هه‌واری‌میرومه‌زنه‌كانی ماد بووه و شێز :
( ته ختی سلێمان )كه له ٤٠ كیلو میتری تیكان ته په‌ی هه وشاره پێی ته‌ختی
ئه‌وكورده ماده ئاترپاتی یانه‌وه جیگای له دایك بونی زه‌رده‌شت بووه .
له كه‌و نارا وه ئه‌وجێ‌ ده‌س و په‌نجه‌یه له‌وانه‌وه به یادگار ماوه‌ته‌وه ته‌نا ـ
نه‌ت ئه‌ڵێن : ده‌ په نجه‌ی ده‌سیان له‌م لا و له‌و لای ئارمخ چین وته‌قیله دوریوه
و له سه‌ریان ناوه پاشان بوته تانج .
ته نانه‌ت ئه‌لین،یه‌كه‌م كه‌سێ كه بوته خودان وخدیو وه كیشومرداری‌كرد
وه (كه‌ی مورس) بو وه ( تیه‌مورس ) كوری كه‌ی‌مورس جلك و به‌رگ دورینی فێرێ
به‌ره‌ی مروڤ كرد وه ئه‌مانه هاوینان له‌ته‌ختی سلیمانه وه هاتونه ته هاوینه هه‌و ـ
اری هه ریمی گه‌روس وبلوكی چه‌نگیز قه‌ڵا وكێوی په‌نجه عه‌لی .
ئه و شوینه‌ی په‌نجه یه واله وكیفه دا ماوه یه كیكه له شوینه واره ـ
كونه‌كانی ئه‌وان .
له به‌شی (پیر تاج ) قه‌لای ٢٢٥٨ میترێ ( ته ماشا )كه له ٣٠ كیلو ـ
میتری باشوری روژ هه‌ڵاتی بیجار رایه وه هه‌روا قه‌ڵا وكیوی ٢٥٢٥ میتـــری
(چنگ ئه‌لماس )كه له راست ئینسانا ڕه‌ق هه‌ڵ چو وه به ئاسمانا مروڤ له دیتنی
ئه‌و هه مو وه هه نگوینه كه وه‌ك ڕونی زه‌نگ له كیوی (چنگ ئه‌لماس ) شوڵا وگه‌ی
به ستووه و دیته خوارێ ئاوده تزیته ناو ده‌می و له خوشیا تغی بو قوت ناچێ
هه رله‌م كیفه‌دا ئینسان چاوی به ( مومیایی ) ئه‌كه وێ‌كه بو پزشكی به كار دێ
ئه‌مشی‌كیوی ( بابا قاژی )كه ٢١٧٥ میتره له به‌شی (كوڕانی ) دا و (چل تن)
كـه ٢٢٠٧میتری‌وه ( سه نگ پا ) =كیوی به رده پیی =كه ١٩٩١ میتـــره
له به شی خه سره‌وا بدمین له پیومتا له به‌شی ( سیلتان ) وته ولكه‌كانـــی
ماهور گه‌ل وه له به شی (نه جه‌فئاوا ) دا ده‌سمان بكا ته‌قه دپالی كیوی ـ
( زریوه )كـه ٢٦٤٢ میتر بلینده .
كـیوی زریوه ٢٦٤٢ كیلو مـیـتـر بـلـیـنـد ه .

## جوت وگاو ئاژەڵداری :

خەلکی شارزور بەیان یا کار بەدەسی حوکومەتن یا دوکانداروـ کاسپن بەلام خەلکی ئاوایەکان و دەس ویێ قەڵەشیوو دەم وچاورەش هەلگەوا وله بەر سورە تاوا له موچەو مەزرا دا خەریکی کاروکویرە وەرین دروینە و دەس سکەنەو گیرەوکیشە ئەکەن وگەنم وجووتوتن و زەرحات ڕەعەمەل دینن ئەلین : لەسالا زیاتر لە ٣٠٠/٠٠٠ تون گەنم لە بیجارەوە بو دەرەوەی بیجار ئەڕواو ئەفروشری . یەکەمین بەرهەم هینەری گەنمە لە باری ئابوری و فرە بونی گەنمەوە لە ئیران و کوردستان دا بویە بە (عەمبار) ی گەنمی ولات ناو براوە ئەگەر بیجار بە (ئوهایوی ئیران) ناو بەرین ئەم ناونیان وقسە پوچ لە ئاو دەرنایەت .

### خەلکی بیجار ئاژەڵداریش ئەکەن :

ئەوە یەهەمو روژیك یەك کامیون پەز و پولەکە روسەوە دیتە کوشتارخانەی تاران. ئاوایەکانی بیجار لە باری کزو کەنەفتی ئابوری یەوە :
هەموومان باش ئەزانین هیمان بە هوهوی گاو ئاسن لە گوندەکانا جوت وکا ئەکری وکەرەسەی نوی وە مەکینەی دروینە و تراکتور و شتیوا یا پای نەناوەتە ناو گوندەکان یا لە هەندی گوند' قاتە وکو ئەلین : ٣٦٠٠ گوندی بیجاری گەروس هەمو لە یەك شتا وەك یەك دەچن واتا : خانو بەرەکانیان بە گلە سپیە ئاو وگل ئەکەنن . ئیمە هیوا دارین کوماری ئیسلامی ئیران بە برا جوتیارە گوند نیشینەکان زیاتر یارمەتی بدا تا ئەم دواکەوتو یانەی وا بە هوی زلم و زوری تاغوتەوە لەوان کراوە قەرەبو بکریتەوە و ولات ئاوادان بیتەوە ومەردمی کوردیش لە مەولا بە خیر و خوشی و ئاشتی خەریکی پیش خستنی باری ئابوری و ژیانی ناوچەی خویان بن
"نە بە زی و دل ئاوایی"

خەلکی گوندەکانی لای بیجار بە تایبەت گشت نەتەوەیی کورد زو باور و زو ئاشنان وە لە تەك ئەم و ئەوا زو رزو خو ئەگرن و زو ڕیش میوان گرودلاوا وئازاونەبەزن .
ئەگەر لە تەك یەك کوردی ئاوای بیجارا دانیشی و قسەیان لە تەکا بکەی یا لە بابت بەرهەمی گەنم و دانە ویلەوە یا سەبارەت بە ئازایی و نەبەزی مروڤی گەروسا قسەت بو ئەکات کە چلون جەنگی پارتی زانی وچریکی ئەزانن و ئەم پیرە پیاوانە بە سواری ئەسپ لە کاتی غاردانا لە هەوا چون بە تیر لە سکەی پولی یەك قرانی ئەدەن و زور ئەنگیوە و دەس ڕاست و دەم ڕاستن، یا لە کاتی جەنگا ئەگەر کوللە شی وی یان کەوی هیمان هەرکول نادەن و نابەزن ولە بەردژو دژمنانا را ناکەن و مەتەریز جی ناهیلن . شە پول .

## کارگـه لـی ده سـی :

له گشت ئا وایەکانی بیجارا وه به تایبه ت له کورد ستانا گوره وی، ده سکیش له مەرزو بەرگن و "موی کەوریشك و پوزەوان ( زەنگال ) رەشکە" بەره جاجم "پوبەشمینه "سه رکەلله بو ئەسپ "کەژو "هەوسار "گوریس "خورجین پاشکو "چەوال "هۆر "تێر وشتی وا ئەچنن وه ئەوکردانه باش ئەزانن بـه تایبه ت نەخش و نیکاری قالیچه و فەرشی ئەو ناوه له جوانی و زەریفـی وکرژی و سفتی و ورد و ریز بافتی دا بێ وینه یه "دڵێ هەزار دڵ ئەویندار وئوگری قالیچەی ( بیجار ) و ( نیگارستان ) و ( خانبانی ) و ( بابارەشانی ) و ( دارغیاس) ئه بێ ·

## ئـه و شتـا نـەی وابـاون:

بزنه کیوی

لـه گوندی ( پشت ده ربەند ) وا باوه خەلك ئەچنه راو و شکاری و(له شانیشین ) دا بزنه کیوی راوئەکەن ·

لـه شەریف ئاوا دا شوینەواری ئاسیاویکی بای کۆنه ماوه، وەك ئەمه لـه شارستانی نوی ئەم خولەگله یی هەیه "که بوچ وا بی کەلك و دوره پەریز ماوه تەوه وکەس وەك جاران به دەوریدا نایی و هەل ناخولی "له ( قەواسور) مرۆڤ چاوی به تەپوللکه یه ك ئەکه وی که روژگاری کونه شار بووه و بو مەـ لـەرزه لییدا وه و رمانویەتی "قا شوله ولەته دیزه وگوزەی کون بەزمانی بـه ئینسان ئەلی : ئیر ه له کونا شارو ئاوایی بووه و کورانی قیت وقوز و مروڤی دلاوا و هوزان ونه به زوکچ وژنانی بالا به رز وگه ردن کیل وجوان و نەشمیلا نه لەویدا ژیاون ·

لـه گوندی ( تەهمورس) دا که له پاڵ لوتکەی کیوی ( سه نگ پا ) دایه "ریبواران به رده پی واتا : پاشور خرده که نه وه وه هەروا له قەد پالی چیای ( شانیشین ) یش دا به رده هەسان واتـا : به ردی داس وچەقو تیژکردن وشتیوا هه لـده گـرنه وه ·

لـه کیوەکانی ( سەراب ) و ( قراجلی ) داهه ندێ ( ئو زوه ) که خوراکی یه و ( مەزره وشویت = شیوت ) وه له کیوی ( میهرەنگار ) دا ریواس وکەتیره و سوره بنه وئاله کوك و شتیوا ده چنن به تایبه ت کیژان ده چنه مه ند وکـێ ·

لـه کیوی (عمره بشا ) داکانی سورب هەیه ·

کاتی ئینسان پا ئه نیته نا و گوندی (گول قشلاخ )که ١٣٧٢ میتر لـه لـواری ده ریا و زوریه بلینده "که چی وائەزانی له شیو و نزم ترینی شوینی هـه ریمی گـه رو سـا یـه ·

## بازار "مزگەوت" کەرماوە و ...

بازاری بیجار هەرەو بیچمە کونەوە ماوە و زیاترلە ٢٠٠ میتر دریژەو پینج میتریش پانە .

دروست لە ناوە راستی بازارا لە دەسە راستا (تیمچە) یەك هەیە هەر بەو خانو بەرەکەونەی جارانەوە کە بونی رتوبە شوە کە رەکیفەی لێ دێ . ئەو تیمچەیە لە ١٢٤٧ هـ . ق "مانگی سازکراوە .

لە ئاخری بازارەوە دوکولان هەیە کە بە وردە بەرد داریژراوە یەکیکیان بەرەو باکور وئەوی تریان بەرەو روژئاوا دەروا کاتێ خەلك بەو کولانانەدا ئەرون تەقە تەقێ نالچەی کەوشەکانیان گوی مروڤ ـ ئەزرنگینیتەوە .

ئەگەر لە دەروازەی (پای قەپان) ەوە بروین ئەگەینە مزگەوتی جامیعە (جومعە : هەینی) بە وکومبەزە سەوزە و منارە بلیندانەوە کە لە ناو کشت شارەوە دیارە ساختمانی کونی ئەم مزگەوتە زور جوانە و لەم سالانەدا پینە و پەروشکراوەتەوە .

لە شەقامی (ئەمیر تومان) تەپولکەیەك هەیە "ئەبیژن : روژگارێ شار بووە "بەلام بە بولەرزە کاول بووە .



● بەشی لە بلواری رەئوفی کەلەباشوری بیجارا روبەروی کیوی نەقارە کوتلە باشوری شارا ئەبینری.

ته نیا به کولینه وه ی ئه م ته پولکه مروف میژو ی کونی شاری بیجا ری بود مرئه‌که وی ٠ ٠ گلکوی شیخ عبدالحسین گمروسی له بیجا را ٠

له دم بلواری شارو له پشت ژاندارمری گلکویه‌ك هه یه که روژگاری زیارتگای خه‌لك بووه که به شیخ عبدالحسین گمروسی که له ١٣٢٤ هه تاویدا مردوه نا وداره ٠

رو به روی ئه م گلکویه گورستانه کونه‌یه‌ك هه یه که کراوه‌ته سه وزه زارو چیمن ٠

## حوماسی بیجار :

لـه کونه‌وه ١٨ که رما وه له بیجارا هه بووه ٠

وه‌ك حه‌مامی ئه‌میر " ئه مه زور کونه یه کیکی دیکه حومامی تالبی و شاره‌داری‌یه



کومبه‌زی شیخ عبدالحسین **گروسی** له‌بیجا را

## ئه ما نه شرله با ره‌ی بیجا ره وه بزا نه :

تولی جوغرافیای بیجار نیسبه‌ت به مه‌داری گرینویج ٤٧ پله و ٣٦ ده قیقه دریژای یه‌تی وه به ری نیشی له ته‌ك ئوستوا دا ٣٥ پله و ٥٢ د قیقه یه ٠

پان و به رینای گشتی هه‌ریمی گه روس ٧٧٣ کیلو میتری چوار گوشه یه واتا : ( ٣٢٥ ) هیکتاره که به گشتی ٢٤٠ / ٩٧٠ که‌س له وا ئه ژی که ١٣٠/٠٠٠ که‌س پیاووه ١١٠ / ٩٧٠/ که سیش ئافره ته ٠

کە لەم حەشیمەتە ١٠٠ / ٩٧٠ کەس لە شاری بیجاراوە —— ١٤٠ / ٠٠٠ کەس لە گوندەکانا نیشتەجین ٠

کە روس بووەتە ( ٨ ) بەش بەم جورە :

١ـ بیجارو دەورو بەری
٢ـ کـــــۆرانـــی
٣ـ نەجەفئـاوا
٤ـ پـیرتـاج
٥ـ سیامەنسور
٦ـ سیلتان
٧ـ خەسرەوا وا
٨ـ گـابـازە ٠

تایبەتییەکانی ئاووهەوا :

ناوەنجی زوربەی پلەی گەرمای سالانە ١ / ١٦ سانتیگرادە ناوەنجـــی کە مایەسی گەرمای سالانە ١ /٣ سانتیگرادە ٠

ئەندازەی میانگینی بارش لە سالا = ٣ / ٣٦٢ سانتیگرادە ٠

ئەندازەی میانگینی هەوای نماوی ساعەتی ٦/٣٠ کەرە بەیانانا ٥٧ لەسەتە ٠

ئەندازەی میانگینی هەوای نماوی لە ساعەتی ١٢/٣٠ نیوە رویانا ـ ٤١ لەسەتە ٠

دەم و کاتگەلی سەھول بەندان و شکست و بەستا لە سالا ـ ١٣٢ روژە ٠



کیوی تەقارە کوت

شوینەواری میژویی :

کە لە واکانی قەلایەك ـ شاروخ ئاوا ـ باخ ـ پشت شار ـ قەلا ـ بورجەکە ـ تەخت ـ هەلوایی ـ قەلایی بانی ( بەناوبانگە کە ئەم قەلایە ـ هاوینە هەواری ) ( بانی = خوشکی ئاشور بانی ـ پالە ) باخەکانی سەراو دارە هەنگورەکان ـ باخە تریکان ·

باری ساخی ونا ساخی :

ئەونە خوشیانەی وا زورن : تەقەنیرە ( ئیسهال ) کوخە رەشە ( سیا سورفە ) سوریژە ( سرخك ) چاوئیشە و مژوڵ هەڵ وەرین ( تەراخم ) اریوەن ـ تیفوئید ـ ئازارە باریکە :
( سیل / کەمە ) کە وتەیی = ( مالا ریا ) ·

باری ئابوری :

کاردەسی " وەك کردی بەرە وجاجم وقالی وشتیوا هەیە ·
خەلکی گەروس کوردەو لە رەگەزی ماد وئاریین ـ کچانی شوخ و شەنگ وچاو و برو رەش وجوانی بیجاری بەدی هینەری قالیچەی جوان و بادەوامی گەروسین ·
شاری بیجار ٩ فیرگەی سەرەتای بە ٢١٢٦٠ قوتابی یەوە ٥ ـ فیرگەی ری نوینی و ٢ دەبیرستانی بە ٢٣٤٨ دانش ئاموزەوە هەیە · وە یەك دانیش سەرای سەرەتا پیشولە بیجارا دامەزراوە بە تیکرایی ٢٢٤ ـ ناوندی فیرکردن لە شارو لادی یەکانا هەیەوە ٥٤٦ دەبیرو ١٢٨ ـ ماموستای قوتابخانە هەیە ·
لە بیجارا یەك سینما بە ١٩٠ سەندەلییەوە و یەك دەرمانگا یەك بەهداری ولاندکی منال وە یەك بیمارستان ٢٥ تەختە دامەزراوە ·
لە بیجارا ٩ مزگەوت ویەك کتیبخانە ویەك کتیب فروشی هەیە ·
پارك وخانەی لاوان لە بیجار قاتە و نییە ·
لە باکوری روژ ئاوای بیجارا ( قەلاحەلوایی ) ـ لەم لاترەوە تازارا لە باکوری بیجارا ( قەلای تەخت ) لە باشورا ( قەلا بورجەکە ) و ( ریگ سیا ) محەللە چال و موساتیان و پشت قەلا " چەشمە پاین و ··· هەیە ·

ناودارانی بیجار :

ئەمیر نیزامی گەروسی ·

حەسەن عەلیخانی کوری محەمەد ( ١٢٣٧ ـ ١٣١٧ ) مانگی ئەم پیاوە یەکیکە لە پیاوە ناودارانی میژوی رامیاری ئیران و کوردستان، ئەمیر نیزام لە دەربارا لای تاغوتی وەك ناصرالدین شا زور بە قەدرو بە ریز

# پەند

یا ئەمسالی

# کـــوردی...



وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُون ـ ئا یەی ٢١ سورەی حەشر.

یانی : ئەم میسالانە، بـــۆ، خەڵـک دەگێڕینەوە بەڵکوبیربکە نەوە....

قسەبی‌چیژە دای‌بیژە بی‌هاوێژە

١ـدیزە رەشەی دو کونە لـــە بـــن
ـ دەستە چەورەکەی دەستری بە مـــن
٣ـخودایە لە بەر بە شـــت مـــــرم
ـقـــە لیش دەلـــی مـــن کوتـــــرم

٥ـپیاو ماسی بگری قونی تەر دەبی •

٦ـگـــوم تا قول بی مەلەی خوشتـــرە •

٧ـتـــا ماڵ بییەوی لە مزگەوت حەرامە •

٨ـجـــام دەلی بشکیم نەك بزرینگیمەوە •

٩ـلە ئاش زوری پی دەچی لە ریگا پەلەی دەکا •

١٠ شوانی پی عەیب نییە نان چنینەوەی پی عەیبە •

١١ـحـــاشا لە شیری و شترو لە دیدار عەرەب •

١٢ـ نـــە شیری و شترو نە دیـدار عـــە رەب •

١٣ـ بزن ئەگەر ئەجەلی هات نانی شوان دەخوا •

١٤ـ ئەگەر نات خوری بنی رانی چت داوە لە نانی شوانی •

١٥ـ لـــە سوارچاکی نییە ئەسپ هەلی گرتـــووە •

١٦ـ ریوی دەمی نەدەگەیشتە قوژە دی کوت : ترشـــە •

١٧ـ ریوی لە کونە وە نەدە چو هەژگە لیکی دەبەست بە کولکەوە •

١٨ـ مارخوشی لە سیر نە دەهات لە بەر کونی شین دە بوو •

١٩ـ ماڵ لە خانە خوی حـــە رام کـــــــــــرا وە •

٢٠ـ هەرچی کردودەتە ناو کەوچك بیکە رە ناو کاسە با نەرژی •

٢١ــ دەستیك بە تەنیا تەقەی نایە ·
٢٢ــ ئاش تا بیرازی نەکەی ئارد ورد ناکا ·
٢٣ــ نان بو نانوا گوشت بو قەساو ·
٢٤ــ کەس بە دوی خوێ نالی ترشە ·
٢٥ــ شەل نییە پس شکاوە ·
٢٦ــ بووەتە نیسك بەرو پشتی بو نییە ·
٢٧ــ وەك ئاردی بەهارو وایە هەمو نانیکی لیدی ·
٢٨ــ هەرکەس بکا بیکانە پەرەستی عاقیبەت دیتی شکستی ·
٢٩ــ کەسیك کە سیکی ناخوش بوی خەونی گولی پیوە دەبینی ·
٣٠ــ گاسن لە چاوی خویدا نابینی دەرزی لە چاوی خەلکیدا ئەبینی ·
٣١ــ کەر بچیتە بەغا نابیتە هیستر ·
٣٢ــ دەستی شکاو جی خوی ناگریتەوە ·
٣٣ــ بووەتە ریە کە چەکەس پی ناپیوی دەلی شانزە ·
٣٤ــ چەپەرە شرە چ پیوە بی چ لیوە بی ·
٣٥ــ زیر لە سەر بەردی دانی نەرمی دەکا ·
٣٦ــ تا تیری نەخوارد نەی وت : سویرە ·
٣٧ــ تا نەی خوارد تیرە نەی کوت : سویە ·
٣٨ــ بووەتە لەپە لە هەمو چیشتیك دایە ·
٣٩ــ لیم بووەتە کەوچکی ناو گشتکا سەیەك ·
٤٠ــ هەرچی لە مشك بی هەمبانە دەبری ·
٤١ــ کوسە چوبو ریش سمیلیشی لە سەر دانا ·
٤٢ــ دیزەیەك کابان بی شکینی تەقەی نایە ·
٤٣ــ ئاشکاری خوی دەکا چەقەنەدەم و ددانی خوی دەشکینی ·
٤٤ــ بی ستان و بی سەرەکەر ·
٤٥ــ تیر ئاگای لە برسی نییە ·
٤٦ــ میوان لە میوان خوشی نەدەهات خانە خوی لە هەردوکیان ·
٤٧ــ دوك بی و بە پشیلەی بپیری ·
٤٨ــ کە نکر و ماست بە وادەی خوی ·
٤٩ــ هی خوی دەدامەنی بە دوشای دواجار ئەگەری لە پرزەی ئاوایی ·
ــ سەد قەل و بەرد
ــ بەرخی نیر هەر لە ژیر سەوەتە دانا بی
ــ بەرخی نیر بو سەر برین چاکە
ــ داعبای گوشتخور دەندوکی خوارە

١ــ مالی سپی بو روژی رەش . مالی سپی یانی : پارەی زیوین . مەبەست ئەمەیە کە هەرکەس ئەبی لە کاتی جوانی وگەنجیدا و لە کاتی لە سەرکاربونا بیری بە روژی پیری و بێ کاری و نەخوشی و دوا روژی ژیانی خویەوە هەبی . وەلەو دراوە کە بە دەسی دەهینی هەندیکی پاشەکەوت بکا بو دوا روژی خوی و خاوخیزانی .

٢ــ هەزار دەرزی گاسنیکی تیدا نابی .

یانی : هەزارکەسی بیکارە و بچوك کاری پیاویکی کاراو گەورە و ئازا و سەردەرچوو زانا ناکەن .

٣ــ ماستە بەلیوتەوە دیاربی ؟ !

یانی : ئەم مەتەلە "لە بابەت کەسیکەوە ئەوتری کە حاشا لە شتیك بکات کە هیچ بەلگەیەك بوسەپاندنی بەدەسەوە نەبی . ناچارئەلی : خوماست نییە بەدەم و گوپتەوە دیار بیت .

٤ــ داری بی بەر " بوبرین چاکە .

یانی : ئینسانی بی کەلك کە سودی بوکومەل نەبی بون و نەبونی یەکە بەلکو مردنی چاکترە . ئیستا تکایەسرنج بدەنە ئەم مەبەستە

میژوی یە لە زانایان و پیاوە ئاگادار و بەریزەکانی کوردستانم بیستووە کە لە هەورامانا پیریکی روحانی بە ناوی ( پیر شالیار ) بووە "کتیبیکی بە ناوی ( ماریفەتو پیری شالیاری ) لە پاش بەجی ماوە "کە خەلکی لای هەورامان ئەو کتیبەیان زورلا بەریزە و نای دەنە دەس بیگانە وغەوارە زورجار واتەکانی ئەوپیرە بە جیگای مەسەل بە کارئەبەن .

ئەم کتیبە لە چەن پارچە هونراوەی موسەجەع کە بەندوتەرجیع بەندەکانی ئەم تاقە هونراوەیە کە لە نیوان هەر بەندیکا دوپاتە ئەکریستەوە :

گوشت جە واتەی پیری شالیار بۆ هوشتوە کیاستەی زانای سیمیار بۆ

ئەمەش چەن واتا لە قسە و واتەکانی ئەوپیرە .

داران گیان دارن " جەرگ و دڵ بەرگەن گاهی پربەرگەن "گاهی بی بەرگەن

کەرك جە هێلێن " هیلی جە کەرگەن رواس جە رواس " وەرگەن جەوە رگەن

هێلێ یانی، هێلکە " هێك . کەرك بە مانای مرومریشکە . رواس بە مانای ریوی وە ( وەرك ) بە مانای گورگە . ئەمەش چەن واتای ترلەو زاتە :

وەر وێوە وارۆ " وەروە وە رینە وە ڕێسە برێو "چوارسە ڕێنە

گەرکی سیاوە هێلە شچە رمینە گۆشلێ مە مێرێو دوێ بە ڕێنە



ماوە لە ٣٤ ⟷

## خانم و خانونی ناوداری کورد

### ئافرەتە کوردی

کە:

به سەرمیسرا

پاتشایه تی کردوه:

شجرة الدرّ = داره مرواری مەله کة المسلمین له سەره تای قەرنی شه شه می کۆچی دا سپاگەلی فەلەو خاچ پەرستەکان هەندێ لەولاتانی ئیسلامی ( میسرو ، شامات و . . . ) پێدابووه به ر هێرشو کوشت و بڕینو تالآنو برۆ ، شارەکانیان یەک لە ، دوای یەک لەناو ئه برد خەلیفەی عەباسیش وەک پیرێ ژن دەسه و ئه ژنۆ دانیشتبو و به کزو زەبو نییەوه ئەی نواڕییه . ئەوشانۆ دل تەزێنه خوێن ئاوییەو ، کارێکی لەدەس نەئه هات ، لەو فەرته تەیەدا دوسەرۆکی مەزنی کوردستانی به نیوی شێرکۆ ، و ئەیووب که نیشتیمانەئیسلامییەکانیان وا ژاکاو ئالۆزاو دی له کوردستانەوه لەگه ڵ هەندێ ، له پێشمه رگەی ، کورد ، چونه جه نگی ئەوخاچ پەرستانەو جەنگێ باشیان کردتاشێرکۆ و ئەیووب کۆچی دواییان کردو سەرو کایەتی لەشکری ئیسلام کەوته دەس یوسف سەلاحه ددین ئەیووبی کوڕی ئەیووب .

سەلاحەددین لەو مرۆڤەناوداره مەزنانەی مێژویی کورده ، که هێمانیش دوای چەندین سەته لەسەر تاسەری ئوروپا و جهانا دلێری و نەبەزیو پیاوەتی و دڵ ئاوایی و گەل خوشەویستی ئەو پیاوه مەزنه ویردی زمانەو مەسەله .

سەلاحه ددین زور پیاوانه خاچ پەرستەکانی تاراندو ، ریچارد شیردڵ پاتشای ئینگلستانیشی به دیل گرتو زۆر پیاوانەش ئازادی کرد . ریچارد واهۆگری خوی باشو پییاوەتی سەلاحه ددین ببو لێ براو خوشکی خوی لێ ماره کات بەلآم هەلآو هوریای قشەکان بەرگری لەوه کرد

سەلاحەددین دوای تاراندنو دەرکردنی فەلەو خاچ پەرستەکاں بووە، شای میسرو شامات و ولآتە موسلمان‌نشیەکان‌و دەسی کرد بەئـــاوەدان کردنە وەی ولآت و لەسالی <u>٥٥٩</u> کۆچی دا، کۆچی دوای کرد وچەندین ساڵ کوڕان‌و نەوەو نەوەزاو بنەماڵەی ئەو میرایەتی ولآتە موسڵمـــان نشینە کانیان بەڕیوە بردوە. تالە ساڵی ٦٤٨ نۆبە کەوتە دەس دارە مرـ واری. یا شجرة الدرّ، کەیەکێ لەنەوە زاکانی سەلاحە ددین بووە دارە مرواری ئافرەتێکی کاراو کارزان و هۆزان‌و دوربین بووە کاتێ‌بووە تـــە پاتشا سەروکە کانی سپایی و نیشتیمانی بانگ ئەکات و قسەیان بۆ ئە کاو، ئە بێژێ:

باپیرم: سەلاحە ددین ئێوەی لەچنگاڵی فەلە کان ئازاد کـــرد هێمنی و ئاساییشی لەولآتە موسڵمانە کانا دابین کرد بەلآم هێمان مـــە ترسی هەیەو فەلەکاں خۆیان لە تە ماڵ داوە ئێستا مروڤێکی کارزان لـــە بنە ماڵەی ئێمەدا وە بەر چاو ناکەوێ کەبیکە ینە میری خۆمان ئەگە ر ئێوەش پیاوێکی واتان پێ شک نایێ من ئامادەم میرایەتی بگرمە دەس‌و ولآت هێدی و هێمن را گرم.

سە رو کە سپاییەکان‌و مروڤە مەزنە کانی ولآت کە لێهاتویی ـ ئەو، ژنە ناودارەیان ئەزانی گشتییان بەیعەتیان پێ کرد.

شجرة الدرّ ناز ناوی ملكة المسلمين ـ ی پێدرا هەروەک باو ـ باپیری خۆی لەتەک خەڵکا هەڵدەستاو دائە نیشت‌و بەم هۆیە وە دە رباری‌قاهیرە ئەونەی ترناوی داخست.

کاتێ‌ڕوانی‌کەبە هۆی جە نگەوە خەڵک بە تایبەت جوتیاران وڕەشایی دەس تەنگ و بێ‌ئەنوابون فەرمانی دا، باج و شەکە زەکات و ماڵیات لە سەرخەڵک لابەن‌و هەروا فەرمانی دا ئەودانە وێلآنەی وا لە عەمارو سیلوکانایە بەسەر هەژارانا، دابەشی کەن ئەڵێن.. چوار مانگ بو دارە مرواری هاتبوە سەرکار کاتی حەجّ هات ئەویش وەزیرانی خۆی جەم کردو پێی وتن: ئەگەرچی حەجم لەسەرە بەلآم هەڵ سوڕان و هێدی‌و هێمـن کردنە وەی ولآت پێویستمە جالە بەرئەمە دەستور ئەدەم ئەو ڕوپۆشـــە ی ـ کابە ـ کە لە حەریری ڕەش چنراوە بیخە نەناو کەژاوە زیرینە کەی من‌و لەگەڵ هەندێ لەپیاوان‌و ژنانی شیاو بیبە نە مەککە ڕوپۆشە کەی ـ پارە کە تیکە تیکە پکەن بە سەر حاجییانا دابە شیکەن و بەشی منیش بهێننە وە. وەلە لایەن منیشەوە ماڵە خودا بەئاوی زەمزەم‌و گولآو بشون و، ڕوپۆشە تازە کەی بەسەرا هەڵکێشن‌و ئەم‌سەت هەزار دینارە دراوە

کە ماڵی خۆمە بیدەن بە هەژارانی مەککەو مەدینە. کاروان لەکاتی خۆیدا کەوتە ڕێ و دەستورەکانی ئەویان بەڕێوە برد. کاتی گەرانەوەی کاروان دارە مرواری چووە پێشوازیان و خۆی هەوساری وشترەکەی گرت و بەرەو ماڵ بەپیادەرایی کێشا. لەپاشان دیاری یەکانی لەسەر کاروانەوان وەرگرت و خەڵات و بەراتی بەگشت کاروانە وانەکان دا ئەمە لە میسرا بو بە باو وە تاچەن ساڵ بەر لەمە ئەم پیشوازی کردنە لەکاروان بەیادی ئەو ئافرەتە کوردە مەزنە ببوە باو وچیژنیان بو، ئەگرت لــە کاتی میری شجرة الدرّ هەواڵ بە هانری پاتشای فەرانسوی، گەیی کە ـــ ئافرەتێ وا میری ئەکاو خەڵیفەی عەباسیش بەدژی وەستاوە ئێستا کاتی ئەوەیە فەلەکان دو بارە هێرش بەرنەوە سەرولاتە موسڵمان نشینەکان لە ئاکاما لەشکر گەلێکی فرە لە چوار قوڕنەی فەرنگەوە بۆداگیر کردنــی سەرزەوینی ئیسلام کەوتنە ڕێ و بەسەتان مالم و قــەشەش لە تەک ئەوانا هاتن و خەڵکییان بۆهێرش بردن هان ئەدا، کەئەشێ گلکۆی حەزرەتی عیسا مەسیح لە ژێر دەس موسڵمانان دەرێنن ئاشکرایە کە لە و کاتە دابیری ئایینی، لە ناو فەلە کانا زۆر بووەو ئەم چاو و ڕا یەش شۆینی لە ناو چینی بۆرە پیاوانا زۆر بووە تائەو شۆینەی کــە کۆڕێ زۆرلەپیرە ژنان بە ناو بۆ ئەو جیهادە ئایینییە بە جۆی هاتبون ئەوانەی وانەیان توانیبو، بێنە جەنگ، پارەو، دراویان ئەدا. ئەم لەشکرە، زۆرە، لە... داردانیل، تیپەریان کردبو و پییان نا بووە، ناوئاسیا و چەندین ناوی جەنگیش بۆ داگیر کردنی لەنگەرگایەکانی ئیسلام بەناو زریەکانا خولیان ئەخوارد. شجرة الدرّ کاتێ ئەم هەوا لانــــەی زانی بانگەوازی کردو سپایەکی زۆری خستە ڕێ و خۆیشی سواری کەژاوەی زێڕین بو و لە کۆشکی «خەتات» بۆ، بەڕێ خستنیان هاتە دەرێ و بەدەیان قورئان خوێنی خۆش دەنگ و ئاوازیش لەم لاولای کەژاوەی شجــــرة الدرّ ــ وە ئەرۆیشتن و پڕبەدەم قورئانیان ئەخوێندو ئەوئایەتانەی وا لە بابەت جیهادو پاراستنی نیشتیمانەوە بو دوپاتیان ئەکردەوە ئــەم کردەوەی دارە مرواری وەها خەڵکی گەرم کردبو کە هەزاران کەس لەو موسڵمانانەوا سپاییش نەبون دەسیان دابووە چەک و بۆتاراندنی فە لە هێرشکارەکان کەوتبونە ڕێگا شجرة الدرّ ــ لە ناو کەژاوەکەیەوە ڕوی کردە خەڵکەکە، پێی وتن: ئەی سپایانی نەبەزی من ئێوە بۆ دیفاع لە خاک وئاوی خۆتان هاتون و ناتانەوێ هێرش بەرنە، سەرکەس و، ماڵ و سامانی ئەم وڵاتە داگیر بکەن. هەڵبەت خودایش پشت و، پەناتانە، دژو دوژمن لە خاکــی

خۆتان دەرکەنو بییان تاریدن . بەڵام لەوە زیاتر کارتان پییان نەبێ چونکائێمە تەنیا بەحوکمی ئیسلام لە خۆمان دیفاع ئەکەین و بــــەس. ئێستا من بەرەو پێتەخت ئەگەرێمەوەو چاوە ڕوانم ئەگەر پێویست بێ بانگم کەنەمەتەرێز تامنیش شان بە شانی ئێوە بۆدیفاع لە مافی وڵات جەنگ بکەم سەردارەکان کاتێ ،ئەم قسانەیان بیست . یەک ، دەنگ وتیان بژی : مەلەکە ئێمە ئە چینە جەنگ و بەیارمەتی یەزدان موژدەی پیرۆزی و سەرکەوتنی خۆمان بۆتۆ دەهێنینە وە ئەم پێش بینییە بەراست گەڕاو — دوای سێ مانگ و چەن ڕوژ سپای ئیسلام دوژمنە کانیان راوناو خویان بەدیل و ماڵو دەسکەوتێکی زورەوە گەرانەوە دارە مرواری فەرمانی دا دیلە کانیان بەبارمتەو خۆکڕینەوە ئازاد کرد .

یەکێک لەو جەژنانەی وا لەکاتی شجرةألدرّ — دا ، باو بووە ئەوە یە کاتێ لەمانگی = ئاوریل و مەـ دازریەی نیل ئاوزورئەبو و ئە هاتــە سەر شجرة ألدرّ بەرەسمی فەراعینەی میسر سواری ئەسپێ ئەبو و وە زیر ، ئەعـزەم هەوساری ئەسپی مەلە کەی ئەگرت بەدەسەوەو دەهــــەزار نێزە بەدەس و غوڵامی کە مەر زێرینیش بەپییادە لەبەر ڕ کێفی شجرة ألدرّ — ەوە ،ئەرویشتن . پیاومەزنانی سپایی و نیشتیمانی بۆرێزنانی مــە لە کە بە پیادە ئە هاتن هەندێ لە کارە کە ران و ،غوڵامانی دەرباری بە چەپگە گوڵ و مەنقە لە عودە وە لە بە رجلَویدا ئە ڕوییشتن .

شجرةالدرّ بە و هەمووە شکۆیەوە لەکۆشکی خۆیەوە تا لێواری نیل ئە هات و چەپکە گوڵێکی بەرەسمی فەراعینەی میسر دا ، بەدەم ،ئا واو ، پێشکەشی ، نیلی کردو لە ئەسپ ، دا بەزی و مشتێکی لە ئاوی نیل هە ڵگویزاو دوبارە کردییە وە ناو ،ئاوی نیل .

لە پاشان گۆرانی بێژان و خۆ، وێژان دەسیان ئە کرد بە قام و گۆرانی و تن و شمشاڵ و بلوێر لێدان و ژن و پیاو کچ و کوڕ بە شایی و ڕەشبە ڵەک بە زمییان ساز ئە کرد . شجرة ألدرّ لە کاتی گــەڕا نەوەدا هەزاران سککەی زێرو زێوینی بەو خەڵک و حەشیمە تە ،ئــە دا کە لە لایە کی ئەو سککە یە ،شجرة ألدرّ و لە ولای تریشی ملكة المسلمين هەڵکە ندرابو .

شجرة ألدرّ وەک گشت بنە ماڵەی مەزنی ئەیووبی بە زمانی شیرینــی کوردی لەتە ک کوردە دەرباری یەکانا قسەی ئەکردو زوری حەز لەداب و دەستوری نیشتیمانی باو باپیری خۆی ئەکرد نەوروزی ئەکردە ، — جێژن هەمیشە خۆیی ،بەوە رائەنا کەکوردە یەکێک لە و شوێنە وارانــە

کاتی پاتشایەتی شجرةالّدر دانانی بیمارستان‌و خەستە خانــە و نەخۆشخانەگەلی گشتییە . بەزمانی کوردی بەوشوێنە یان ، وتووە . .

ڕستان کە ئێستاش لە میسرا بە ، بیمارستان دەڵێن : بارستان ، لە پێــش سەلاحە ددین و شجرةالدڕ دا ، لەمیسرا . نەخۆشخانە ی گشتی نە بووە دارە مرواری . بۆ حەسانەوەی نەخۆش‌و پەرستاری کردن لە ، لەش بیمارـ انی هەژارو بێ ئەنوای میسرو شارەکانی تری ولآتە موسڵمان نشینەکانی ژێر فەرمانی خۆی دەستوری دا بیمارستانێ زوریان ساز کرد .

هەروەهاڕای‌سپارد تا هەندێ لە خۆشنوسانی ناوداری ئەو ،چاخە بهێنن و موچەو دراویان بدەنێی تا ئەوانیش قوڕئان بنوسنەوەو بی نێرنە شارو گوندە موسڵمان نشینەکان هێمان لە موزە خانەکانی گەورەی ئوروپا و ئەمریکا قوڕئان گەلی دەسنوسی وەقفی شجــرة الّدڕو سککە گەلی زەمانی پاتشایەتی ،ئەو ، ئەبینرێ .



شجرةالدر یەکەم ژنی کوردی موسلمانە کەگە یشتوتە پلەی

(مَلکة المسلمِینْ) . دارە مرواری لەو ، پەڕی سەر بەخۆیی‌و دەسەڵاتــا میری کردوە . ـ موعتە سەم ـ ئاخرین خەڵیفەی ، عەباسی کە،بەرزی و ناوداری شجرةاّلدڕـ ئەدی لەبەر حەسودی ، تاەە و شوێنەی توانییبای کارشکێنێ ئەکردو فەلە کانیشی لێهان ئەدا ، تاهێرش بەرنە سەر ، و ڵاتە ،موسڵمان نشینەکان بەڵام لەوچاخەدا بەلایەکی گەورەتر روی کردە ولاتە ، موسڵمان نشینە کان‌و ، ئەویش هێرشی مە غولە کان بو .

هەلاکۆخان موعتەسەمی عەباسی کوشت و ، لە ٦٥٦ کۆچیدا ، دوایی بە خیلافەتی ،عەباسی ،هیناو زۆرێ لە ولآتە موسڵمان نیشە کانی وێران کرد . بە داخەوە لەکاتی هێرشی مەغولا شجرةالّدڕ ، نەمابو ، لام وایە ئە گەر ما با چلون فەلەکانی تێک شکاند مەغولە کانیشی ، ئەشکاندو ئەی تاراندن . تورانشا ، کوری شجرةاّلدڕ لەسەرکاربو بەڵام ژیپک‌و نەبەزی‌و

کارزانی و لێهاتوی ، دایکی خۆی نه بو .

ئەمەبو کورتە یەک لە سەرگوزەشتی شجرةآلدر ئەو ئافرە تە بەنـاو بانگە کوردە ، کەبرازای شیرکۆ ، بووه .

لە رەسەن و رەگ ژی سەلا حەددینی ئەیووبی کوردستانی بـو کە مێژوی جهان ئەوی بە یەکێک لە ئافرە تانی بێ وێنەی جهان داناوە .

ئەمەم لەگوڤاری ژن ، ڕۆژ ژمارەی ۱۱۴ بانەمەر ــ ی ــ سالی ۱۳۴۶ هەتاوی و ۲۵۸۰ کوردی و ۱۹۶۸ زایینی وەرگرتووەو ،

بۆ ئە م مەبەستە بروانە کتیبی : باوی کومەلایەتی و میژویی چاپی تاران ــ نەوروزی ۵۸ ــ ۱۳۵۷ هە تاوی نوسراوی شەپۆل • وەکتیبی : ژنانی نامی ئیسلام و ئیران چاپی تاران سالی ۱۳۳۸ هەتاوی .

ئە مە نمونەیەکی چکولە یە لە خزمەتی یەك ئافرەتـی کورد بە جە هانی ئیسلا م بەلام رابەرانی جەهانی ئیسلا م وعەرە ب ئەمەکی کوردیان لە بەرچاو نییە بۆ وینە جمال عبدالناصر رابەری شورشگیرو مە زنـــی میســر لە سالەکانی ۱۳۳۷ هەتاویدا بو پشتیوانی لە نەتەوەی کورد نیو سەعـاتی بە رنامە بە زمانی کوردی لە دەنگ و رەنگی کۆماری میسر دامەزراند ، کاتێ ئە نومر ساداتی خائن هاتە سەرکار بەستی ئەمەگ و راژەی بنەڵەی ئەیوبی لە بەرچاو نەما چونکا نوکەروگوی لە مستی ئیمپریالیزم بوو ، جا لە بەر ئە مە ئیمـــە کوژرانی ئەنومر سادا ت ئەو نوکەرە ئیسلا م فروشە بە هەمو موسلمانێك پیروز بایی ئـە لیـــــــــــن .

بنوارە :

لە مێژودانوسراوە : لەجەنگی : ( عەرسوف ) دا سەلا حە ددیـنی ئەیووبی ئەوقارەمانە کوردە لە گەل ئەلمەلیک العادل ــ ی ، برایا لەبان تە پۆلکە یەکەوە ، تەماشا ئەکەن وا ، ئەسپی ریشارد شێردل ، تیری لێ دە کەوێ و ، ئەکەوێ و ئەتۆپێ سەلاحە ددین و براکەی ، بەپێشمەرگەی کورد ی خۆیانا ، دو ئەسپی بۆ ئەنێرن سەلاحە ددین : تارک " و ، الملـــــک العادل : " مارکِ " بو ئەنێرێ .

لە جەنگێ ترا . ریشارد شێردڵ لەبەر ناسازگاری هەواو گەرما نـە



# صلاح الدین ایوبی

خۆش ئەکەوێ سەلاحە ددین بە پێشمە رگەکانی خۆی فەرمان ئەدا تابچن لە لوتکەی ئەو ، کەژو ، چیایانەی وا بەدەس خۆیانە وەیە ، بەفربهێنن و ، بیبەن بۆ شیزدل : ئەڵێن : ئەو بەفرە شێردلی فێنک کردەوەو لە مەرگ گێڕایە وە .

ئەم ریشارد شێردڵە پاتشای ئینگلیس بووەو لە جەنگی سەلی بیدا هاتبووە شەڕی موسڵمانان و ئەی ویست بیت‌المقدس داگیـــر بکاتو سەلاحە ددین فەرماندەی کوللی قووای موسڵمانان بو لەو جـــە نگانەدا .

کە چی ئێمەلە مێژودا ئە خۆی نینە وە تەیمورە شەلە . نەخـــۆش ئەکەوێو پزیشکان ئەڵێن : ئەگەر ئاوی لیمو بخۆیتەوە چاک ئەبی ئە ویش ،ئەنێرێتە لای مَلِکْ مُظَفَّر ــ پاتشای شیراز تا ئاوی لیمۆی بۆبنێرێ بەڵام بۆی نانێرێ پاش ماوەیەک کەتەیمور چاک ئەبێتەوە هەڵ ئەکو تێتە سەر شیرازو نێرینە لە بنەماڵەی ملک مظفر ئەبڕێو لە سەر چەن شوشە ئاوی‌لیمو قڕی خستە ناو ئەو بنەماڵەیە .

لە کتێبی [تمدن اسلام و عرب] دانوسراوی دوکتور گوستاولوبـــون تەرجە مەی [محمد تقی فخری داغی گیلانی] چاپی تاران ۱۳۱۳ لاپەڕە ی ۴۰۸ نوسراوە : سەلاحە ددین کە پزیشکێکی شارە زاو، هەرەزانـــا بووە ، دوژمنانی نەخۆشِ خۆیی زۆر بەدڵ و، داو موعالە جەکردوەو، چاکی‌کردونەتەوە . بنواڕە قارە مانی شەرق سوڵتان سەلاحە ددین لـــە پێشگای‌مێژودا ،نوسراوی‌زانای پڕکار کاک: عبیداللە ایـــوبیان ــ مهاباد ی » لاپەڕە ۴۶ :

سرنجی پیاوەتی ئەم میرو مەزنانەی تری کورد ، بدە :

میر تاژدین بۆئەوەی گوڵوڵەی‌دوستەکەی نەکەوێتە لێژی گشت ماڵو سامان و دارای‌یەکەی خۆی بەخت کرد . ماوە لە ٣٠ ←

ماوە لە ٥

**٥- لە تلویزیونی کوماری ئیسلامیدا کە یەکیك لەوەسایلی راگەیانی** گشتی (کە لە ئەسلی ١٤ ی قانونی ئەساسی دا هاتوە) بەرنامەیەکی دایر بکرێت تا بەم جۆرە "تیشکی شورش و کوماری ئیسلامی دەگەیەنرێتە کوردستان "خەلکی کوردستان بە خیرو بیری ئیسلامی هیوادار و دلخوش دەکرین" وە ئەم تیشك و نورە "ریگای خەلکی کورد لە هەندەرانیش روناك دەکات و" وەکو لە ئەسلی یازدەهەمی قانونی ئەساسی دا هاتوە : "بە حوکمی ئایەی کەریمەی : (إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ) سورەی آنبیاء ئایەتی ٩٣ . یانی : هەمانا ئەمیە ئومەت و میللەتی یەکانە، وە منم پەروەردگاری ئیوە کە وابو بم پەرستن .

تەواوی موسولمانان ئۆمەتێکن و دەولەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەرکی سەرشانیەتی سیاسەتی گشتی خۆی لە سەر بنچینەی ئیئتیلاف و یەکیەتی میللەتان دا مەزرێنێت و بە شیلگری تێ بکوشێ تا یەکیەتی سیاسی "ئابوری و فەرهەنگی جیهانی پێك بهێنێت" کۆماری ئیسلامی ئێران لە ریگەی بە جیگەیاندنی ئەو ئەرکەی کە ئەم ئەسلەی قانونی ئەساسی خستویەتە سەر شانی یەکێ لە هەنگاوە پێویستەکان بێت . چونکە :

"یرید اللە بکم الیسر و لا یرید بکم العسر" .

---

ماوە لە ٢٩ →

برایموک : لە بەرئەمەک داری و ، مروڤایەتی چەندین ساڵ ئاغاگولە نەخۆشەکەی خۆی بەکۆڵ گێڕاو لای ئەم شوانکەو ، ئەو شوانکە شیری بۆدە هێنا. پیباوەتی وخوی ئینسانی بەرەیگەلی کورد. ئەونە زۆرە لەژمار نایی .

لە کەوناراوەوتویانە.گەلی مروڤ دوستی کوردسەری بڕوا قسەی ناروا

واتا : خاوەنی قسەی خۆیەتی .

مام وسو نێوێک باوە کو نەخوێنەوار بووە، بەڵام لە سەر بەڵێنی خۆی ، کچەکەی خۆی دابەپیرۆت ناوێ و ئەم میسالە کوردی یە لێرە وە دێ ، کەدەڵێن :

بەڵێ :

هەرچی کردم خۆم بەخۆمم کرد .

هەڵپەتدوایی ئەوەی کە مام وسوزانی فێڵ و گەڕیان لێ کردوە ئە ومیسالە کوردییەی خوێندوەتەوە .

سرنج ڕاکێشە :

لە کوردەواریدا هەزاران پیاوەتیو مروڤایەتی لەوەگرینگترو پڕ بەزەیانە ترو ئینسانیتر کراوەو ئەکرێ کەچی نەکەس جاییزەی بۆدا ناوە وە نە لەلایەن هیچ کۆڕە ڕێکخراوەیەک جاییزەی بۆ دانراوە بەڵکو تازە لە لایان دژو ، دژمنانی کوردەوە بە ئانقەست پەردەی ڕەشیان بەسەرا کێشراوە.

شەبوڵ

ماوە لە ١٠

بـــز و تنەوەی گشت ئەنبیای ئیسلاهی یە " لانفرق بین احد من رسلە "
ئیمە بو ئەنبیا جیای دانا نین • وە هە دە ف وغایە ت حەرەکە ت لە گەل پەیوەند
لـــەگەل کومەلا بریەتی یە لە بردنە دە رە وەی بەرەی مرو ڤ لە تا ریکای یەوە
بـــو بەر بەرو چکەی خور و روناکی خودایـــــی •

ئـــەشی بزانین " رە سول اللّـــە " بریە تی یە لە هەدە فی حە کە تـــی
بـــەرەی مرو ڤ " بەلام خودا غایەتی بزوتنەوەی بەرەی مرو ڤەکە ئەو جوری لای
بـــزوتنەوەی ئینسان دیاری ئەکات کە بە هوی رسول اللّـــە کە هـــە دە فە
ئـــە توانین بە حەرەکەتی خومان د ریژە بدەین • بە لام نور تایبە تـــی
بـــزوتنە وەیە و تا یبە ت دیتە گور • وە چونکا ئەو تایبە تی یانە لە مەسیری
حـــە رەکەتی اللّـــە و رسول اللّـــە یەك ئە سلی وەحدە ت و تە وحیـــد
د یتە ژمار لە ئاکاما قورئان ئەم هە دە ف وغایە تە لە بیچمی تە کا کـــە
لـــە وە حدە ت دینا میسمی ئەوانە حیکایە ت ئەکات دە هینیتە گـــــــــو ر •

بـــە لام پە ستی گەل و خوار و خیچی بزوتنە وەی لە سەر بنەرەتـــــی
جـــوری خوار و خیچی " تەو فیری هە یە " ئە مە یە کە نە خشی " شیـــــرك "
رو نا ك ئە بیتە وە • کـــە وا بو ( بعثت انبیا ) بریە تی یە لە بزاو تنـــێ
کـــــە ئە بیتە هۆی خۆ ئا گاداری تەکی وکو مە لا یە تـــــی • " شـــە پۆ ل "

## بەشی: نامەی خوێندەواران

برای زانا و بەریزمان کاك هیوا لە ١٩ / ١٠ / ١٩٨١ ز ــ نامەیەکی زور ــ
جوان و هەستیارانەی بو کوری نوسەرانی گرشەی کورد ستا ن نوسیوە " زور بە سپاسەوە
ئەوە هەندی لە نامەکەی چاپ دە کەین و چاوە روانی هاوکاری نوسینی هەر جورە ــ
مەبەستیکین کە لە بارەی فەرهەنگ و زمان و میژو و پە ند و قسەی خوش و • • • بی و ــ
بو ئەم گوڤارە کوریە و ساوایەی بنیر ن •

بـــو بەریزان بەریوەبەرانی گوڤاری ( گرشەی کوردستان ) پاش ریزو سلاویکی
بی سنور لە گەل چەپکە گولیکی بو ندار لە کیوە بەرزەکانی کوردستانی خوشەویستمان
ئاراستەی ئیوەی بەریز دەکەم " پر بە دل هیوا دارم لە خزمەتی نەتەوەی کوردمان
سە رکەوتو بن و لەم ریگایە پیروزە دور بن لە هەر جورە کوسپو تەگەرەیەك •

ئەمرو کە ریکەوتی ٢٧ ی مانگی رەز بەر " کاتیك بو چەند کاریکی تایبە تی ــ
هـــاتبو مە شاری تاران و لە یەکیك لە شە قامەکانی تاران توانیم ژمارە ٤ـ٥ لـــە

گوڤاره بەنرخەکەتان بە دەست بهینم "کاتیک چاوم بە ناوی (گرشەی کوردستان) کەوت بەو پەری خوشحالی یەوە وەرم گرت · بەراستی جیگای شانازی یە و لە کانگای دلمەوە ئەو پەری سوپاسی خومتان پیشکەش دەکەم "بە هوی ئەو هەستە بەرزەتان کە بەرامبەر بە نەتەوەی کوردمان هەتانە وە ئومیدی سەرکەوتنتان بو دەکەم لەم ریگایە پیروز و بە نرخە ·

بە داخەوە بی بەشم لە ژمارەکانی رابردوی ئەم گوڤارە بە نرخە بەلام هیوا دارم بە هاوکاری ئیوەی بەریز بتوانم ژمارەکانی رابردو بە دەستا بینم · ولەم نامەیە شدا ئامادەیی خوم دەر ئەبرم بو هەر جورە هاوکاری یەك لەگەل بەریزتان

ئەمەش نامەو دیاری کاکی بەریزو زانامان کاك فاروقی وەفایی لە شاری بانەوە کە بە سپاسەوە چاپی ئەکەین و هیوا داری دیاری و یاری بە نرخی ئەو برایە و گشت خوشك و برا فەرهەنگ دوستانین · و لە پیشنیارەکەی کاك وەفایی کەلك وەر ئەگرین ·

سلاویکی روشن بیرانە پیشکەش بە نوسرانی گرشەی کوردستان ·

ئایا ئەزانن کە گرشەی کوردستان دەرمانی دەردی دل برژاوانی ری‌ی دورو دریژی روشنبیرانی کوردە؟

هاوری یان هیوایە · هەزاران قەلەم بەدەستی ری‌ی کوردستان چاوەروانی خوشەویستیکی وەك گرشەی کوردستان بوون · کە سوپاس بو خوا و سلاو بو تیکوشانی ئیوە بە ئاواتە گەیشتین · وە هیوا دارم کە هەمومان ئەو کوربەساوایە بە خیو بکەین وە بیکەین بە لاویك کە قسە کەری هەمومان بیت ·

ئاوات:

کوردم · کوردیکی گوشارنەدیو ·
تینوم · تینویکی ئاونەدیو ·
عاشقم ·عاشقیکی پر لە ئاوات·
ئاواتم دین بوون "وون بوون ·
بەلام ئەم جار لە تارانەوە ·
گری‌ی دلم کرانەوە ·
ئاواتی وون بووم دیەوە ·
تیر تیر ئاوم خواردەوە ·
بە هەمو هیز و توانا
بینوسم لە سەر کاغەزا دانا
سلاویکی پر لە هەستی جوان
ناردرا بو نوسەران
وترا ئەی دەستەی برا



کە وابێ ئەوەی بترسن
توانیتان بە کوردی بنوسن ·

xxxxxxxxxxxxxxxxxx

برای زانا و دلسوزمان کاك جوتیار لە سنەوە نامەو دیاری بو گرشەی کوردستان ناردوە ئەوە بە سپاسەوە هەندی لە نامە و دیاری یەکەی — چاپ ئەکەین · کوری نوسەران چاوە روانی هەر جورە پیشنیاری دلسوزانەیە و لەمە ولا فەرهەنگوکی بو ئە نوسین · بەلام لە بابەت نیشانەوە ئەشی بیژین چونکا پیستی نیشانەدارمان نییە کزین وە بە یارمەتی یەزدان و خوشك و برای فەرهەنگ دوستان ئەم خەوشەش لا ئە بەین ·



· حەزم دەکرد ·

گیانە حەزم دەکرد توم ببوایە
وەکوو ماسی ناو دەریاکان
دواشە یولی دەریاکانم ببریبایە
تا مرواری و گشت گەووهەری دریاکانم بدزیبایە
بو توی نازدار بدزیایە ·

xxxxxxxxxxxxxx

حەزم دەکرد

حەزم دەکرد وەك باڵندە بفری مایەو
لە هەر شاخی و لە باغەکان جوانترین گول
گولی سورم بهینایە
بوتوی نازدار بهینایە ·

xxxxxxxxxxxxx

حەزم دەکرد

بەلی گیانە حەزم دەکرد
موسی بوایەم بو روژنایت بسوتایەم
هەتا کوولی ئارەزووەکانتم پادو دەکرد
هەتا وەك مزیشتە خوت دەنەخشان
هەتا ساوای ئارەزوومان پی دەکەنان

xxxxxxxxxxxxxx

بەلام گیانە بەلام گیانە
نە هەنك بوو لە دریاکاندا یان بریم
بەلام گیانە
باڵندە بووم باڵەکانیان هەلو راندم
بەلام گیانە

مومێك بووم و بە هەرمشەی لافاوی ئاونە
گری سوریان لی توراندم
لە یەك پچراین بە بی دوان بەیەك ناگەین
دوورین لەیەك بەقەد دووری ئەستیرەکان

xxxxxxxxxxxxxxxxx

گیانە ئیتر چاوە روانی هەرگیز مەکەمن بیمەوە
گوشەی دلت رون مەکەوە
چوونکە ئیتر نایەمەوە نایەمەوە
مومێك بووم وکوژامەوە

xxxxxxxxxxxxxxxxxx

ماوه له ۲۲ ←

یـــا نـــی :

به فرێ ئه بارێ که بەفره خورەیـــە گوریس ئه پچرێ چوار سه ر ئه بـــێ

مریشکی رەش هیلکەی سپی یـــە د یزه ئه شکێ دو ده رکی ئه یـــێ.

هـــه ندی کەس لایان وایه که مرو ئیکی تریش بە ناوی پیری شالیا ر هـــه بووه هاوچاخ و هاوکاتی شیخ عبدالقادری گیلانی بووه ٠

(دوای سه دەی پینجه می کوچی) که له گەل شیخدا دوستی و په یوە ـ نـــد یان هه بووه و ئه مه به ناوی پیر شالیاری ئەوه وه کراوه و به پیـــر شـــا لیاری دووەم نـــا وداره ٠

ئـــه لیس ئه م پیره حه زره تی محه مه د (ص) پیغه مبه ری مه زنـــی ئیسلا می له خەونا دیوه وئیمانی به پیغه مبه ری مه زنی ئیسلا م هیناوه و ناوی (مصطفی) ی بۆ خۆی داناوه وه کتیبی ماریفه تی دەستی بردوه و هەر مـــه بـــه ستیکی که له ته ك ئایینی پیروزی ئیسلا ما ناجور بووه لای بردوه و گـــوریویه تی ئیستا ئه و نوسخه دەستی براوه له دەستی خەلکـــــی هـــه ورا ما نا یـــــــــه ٠ "شـــه پـــول"

## نامه

بـــرایەکی خوشه ویستمان لـــه تاران له خیابانی ئینقیلا به وه نامەیەکی زور جوانی بـــۆ ناردوین ٠ ئیمه سرنجی ئەو برا بەریزه بو گوڤاری گرشەی کوردستان ژما ره ۲ و ۳ لا پە رەی ٦ و ۷ را ئه کیشیـــــن ٠

xxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxx

کاك محەمەد ئه حمەدی له گوندی گلیـــــن ەوه که لـــه ٥٠ کیلو میتری شاری سنه هەریمی ژاوه رو دایه نامەیەکی زور جوان و رازاوەی بو نوسیوین و بـــه زبانی پارسی هەندیک له بارەی باری ئابوری و فەرهەنگی ئه وگونـــــده نـــوسیوه ئیمه به سپاسەوه دوای وەرگەرانه سەر زمانی کوردی چاپـــی ئه کەین٠

xxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxx

برای بەریز کاك خوشناو له شاری قەزوینەوه نامەیەکی جوانی بو گرشـــــەی ـ کـــوردستـــان نوسیوه له پیشا کۆڕی نوسەران له هەستی فه ر هەنگ دوستی ـ ئـــەو برایه بەریزو خوشەویسته سپاس ئەکەن و سرنجی ئەو برایه بو زانینـــی واتـــای: گـــر شـــه بو لاپەرەی ۳۸ ژمارەی ٤ و ٥ گوڤاری گـــر شـــــەی ـ کـــوردستـــان را دەکیشیـــــن

بـــووه زورێش بە برشت و خودان هونەرو خوش نوس و هۆزان و زانـــا و رەوان نوس و خاوەن دەس و قەلەم بووە ئەمیر نیزام خەلکی گوندی (کـەـ ـبود وەند) لای بیجار بووە ·

ئەمیر نیزام لە ١٢٦٧ مانگیدا پلەی ژەنرال ئاجودانی دەرباری هەبووە لـە ٢٥ مانگی سەفەری سالی ١٢٧٣ مانگی دا بووە تە مەزن و ئەمیری ـ هـــیرات وئەو ناوە ·

لـە ١٢٨٩ مانگی داپلەی ئەمیر تومانی وەزیر فەوائیدی گشتی وەلـــە (١٣٠٢) مانگی پلەی ئەمیر نیزامی وەرگرتووە و بووە تە ئوستاندارو ـ پیشکاری ئازربایجان ·

ئەمیر نیزام لە ویژاوەری کوردی و پارسدا دەستێ بالای هەبووە لـە پارسی نوسینا رچەی قائیم مەقامی گرتوتە بەروبەرە و سادە نوسین رویشتووە مونشە ئاتی ئەمیر نیزام سادەوجوان و روان و خونجا وگونجاوە ·

## مەلوچک

مـەلوچکی یەکەم محەمەدی کوری دوستی چۆپان (١٢٧٥ـ١٣٣٨) مـانگی محەمەد کوری دوستی چۆپانی گەروسی ناودار بە مەلوچکـــی یـەکەم وناسیا و بە ئەمیرخاقان برای زبیدە ئەمینە ئەقدەس یەکیک لە خیزانی سوگولی ناصرالدین شاوە باوکی غولا محەلیخانی عەزیزالسلطانەو (مـولوچکی دوەم) ە ـ کـە بەمەلوچک ناوی دەرکردوە گویا کاتی لە بیجارەوە لە تەک زبیدەی خویشکیدا دیتە تاران وئەچیتە کوشکی شەمس ـ لعمارە وەلە بەرهەیوانی ئەو کوشکەوە پاساری یەک لە پەنجەرەوە دیتـە نـاو کوشک ئەویش کە منال ئەبێ بە زمانی کوردی ئەبیژێ : مەلوچک ها هـا ! ئـەو مەلوچکە ها تە ژوری کوشک و بالە فری یەتی مەلوچک ئەو مەلو ـ چکەم بو بگرن ئیتر لەوە بەدوا "ناوی مەلوچک بەسەر برای زبیدا دابرا ·

ئـەم ناوە بە باوکیشی کە "عەزیزا لسولتان" بووە دراوە ·

ئـەم کورە (محەمەد) لە بەر زرەنگی لە دەربا را بووەتە میرخاقان ·

"شـەپـول"

## گرشەی کوردستان.
## (لەم شارانەدا هەیە)

١ـ لە تاران ڕۆژنامەفرۆشەکان .
٢ـ لە شاری سنە چاپەمەنی کاك مەنسور ئەیازی .
٣ـ لە سقز کتیب فروشی کاك محەمەد محەمەدی.
٤ـ لە بانە کتیب فروشی کاك ناجی ئەحمەدی .
٥ـ لە مهاباد کتیب فروشی کاك خەلیل مووەفەق .
٦ـ لە ورمی کتیب فروشی ئەنزلی .
٧ـ لە پیران شار کتیب فروشی مەلا سمایل .
٨ـ شنو کتیب فروشی مەلا ئەحمەدی نەلوسی .

* * *

خوشك و برایانی خوێنەر بۆ زانینی واتای : واژە سەخت و مانا ڕەقەکان بڕواننە فەرهەنگوکی ناو گوارەکە .

* * *

"مزگینی": لە مەولا ڕیزمان و درسی کوردی فیربون لە گشت ژمارەیەك دا لە لایەن زانای خودان هونەر کاك دوکتور بەهمەن فەریومرەوە دەنوسرێ .

* * *

